# مانیفێستی ئازادیی
# یان
# بناغە فیکری و سیاسییەکانی دامەزرانی
# یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

## پێشەکیی

13 ساڵ لەمەوبەر لە کەش و هەوایەکی ئاڵۆز و ئاستەنگی سیاسی و لە قۆناغێکی گەلێ هەستیاری ناوچەکەدا یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان پێی نایە مەیدانی خەبات و تێکۆشانەوە. رەنگە بۆ رێکخراوێکی سیاسی کە لە جەرگەی کەش و هەوایەکی ئازاد و بێ مەترسیدا، تێکۆشانی سیاسی خۆی بەڕێوە بەرێ، 13 ساڵ تەمەن ، ماوەیەکی دوور و درێژ نەبێت. بەڵام بۆ هێزێکی سیاسی کوردی کە وڵاتەکەی مەکۆی شۆڕشێکی خوێناوییە و لە ناوچەیەکی ئاڵۆز و پڕ مەترسی و پڕ لە کێشە و ململانێ و بەرتەماحی هێزە ناوچەییەکان ولە ساڵانی پڕ زەبر و زەنگی کۆماری ئیسلامی و دەسرۆیشتوویی دام و دەزگا تێرۆریستییەکانی, توانیویەتی 13 ساڵ درێژە بە تەمەنی شۆڕشگێڕانەی خۆی بدا، ماوەیەکی کەم نیە. بە تایبەتی ئەگەر ئەو هێزە هەر لە رۆژی یەکەمی لە دایکبوونیەوە دۆزی نەتەوەیی کوردی، بە پێناسەی خۆی زانیبێ و هەر سیاسەتێکی کە هەڵیبژاردبێ لە سەر بناغەی پرسی نەتەوەکەی بووبێ؛ بە بێ هیچ لە خۆبایی بوونێ، دەتوانین بڵێین جێگای شانازی کردنە.

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە ماوەی ئەم 13 ساڵەدا گەلێ کەند و کۆسپی هاتە رێ و هەوراز ونشێوی جۆراوجۆری بڕی. هێشتا لە قۆناغی گڕوگاڵی سیاسی و رێکخراوەیی خۆیدا بوو، لە گەڵ پیلانی ناجوامێرانەی تیرۆری رێبەرەکەی رووبەڕوو بوو. لە لایان داگیرکەرانی کوردستانەوە هێرشی بێبەزەییانەی کرایە سەر و زیانی گەورە و خەساری مەزنی لێکەوت. بێجگە لەوەش, بەداخەوە پۆلێك لە باشترین کادر و پێشمەرگەکانی بە فیتی کۆماری ئیسلامی و بەدەستی هێندێك لایەنی کوردی بۆ دەسخستنی برێ شتی کاتی و بێبایەخ لەبەر پێی پاسدارانی داگیرکەردا, قوربانیی کران و بە ناهەق خوێنیان رژا. بەڵام لە گەڵ هەموو ئەوانە، هەر وا لە گۆڕەپانی خەباتی کوردایەتیدا مایەوە، کۆڵی نەداو هیوای بە دوارۆژی روون لەق نەبوو. لە دوای هەر کەوتنێك هەستایەوەو لە پاش هەر زەبرێك بە گوڕتر لە جاران تێهەڵچوویەوە.

هەر بۆیە لێرەدا هەڵەیە تەنیا، لا لە کەند کۆسپەکان و دژوارییەکانی ئەو 13 ساڵە بکەینەوە. چونکە ئەگەر لە لایەك کەندوکۆسپی بێئەژماری هاتووەتە سەر ڕێ، لە لایەکی دیکەوە، بەش بە حاڵی خۆی سەرکەوتنی سیاسی و ڕێکخراوەیی بەرچاوی بووە و بێوچان ڕەوتی گەشە و بەرەو پێشچوونی خۆی پێواوە و لە ناو دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا، وەك هێزێکی کوردستانی جێگای تایبەت بە خۆی وەدەست هێناوە.بە هەق یەکێتیشۆڕشگێڕانیکوردستان گەلێك زیاتر لە تەمەن و قەوارە و ئیمکاناتی خۆی دەوریگێڕاوە. ئەو ڕاستییە هەرگیز لە چاوی مێژوو ون نابێ کە ساڵانی 98-97 تەنیا هێزی پێشمەرگەی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بوو لە قووڵایی خاکی وڵاتدا زەبری لە دوژمنی داگیرکەر دەدا و عارەقە و خوێنی لێدەتکا.

دامەزراندنی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان, وەڵامێکی بەجێ و بەوەختی مێژوویی بوو بۆ پێویستییەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان و بەرهەمی پێکگەیشتنەوەی: گەشەی فیکری و پێگەیشتووی سیاسیلە گەڵ دەرفەتی لەبار و هەڵکەوتووی مێژوویی بوو. بە لەدایکبوونی ئەو هێزە, گوتاری سیاسی و چەمك و دروشمی تازە و جیاواز لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکەی ئەو پارچەیەی کوردستان هاتنە نێو ئەدەبیاتی سیاسییەوە. بە دامەزرانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بوو کە چەمك و دروشمەکانی: "کوردستانی بوون", "سەربەخۆیی و دەوڵەت", "فیدرالیزم", "بەرەی کوردستانی", "یەکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەبەر یەك فەرماندەیی هاوبەش" و "دیپلۆماسی نەتەوەیی" و "هەڵکردنی ئاڵای کوردستان", داهات.پێداگرتن لەسەر بایەخە دیموکراتی و کۆمەڵایەتییەکانی وەك:ئازادی و دیموکراسی،مافەکانیمرۆڤ،ماف و ئازادییەکانیژن،منال ولاوان،ئاشتی و عەدالەتیکۆمەڵایەتی،بەشێکی بنەرەتیدیکە لە باوەر وخەباتی یەکێتیشۆڕشگێڕانیکوردستان بوون.

نابیٚ له بیر بکریٚ کاتیٚ یەکێتی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان دەسپێکی تێکۆشانی ڕێکخراوەیی خۆی ڕاگەیاند،بە داخەوە نە تەنیا کەش و هەوایەکی کراوە وەك ساڵەکانی پاش ڕووخانی ڕێژیمی شا، لە ئارادا نەبوو، بەڵکوو بزوتنەوەی سیاسی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەلات، کەوتبووە حاڵەتێکی بە تەواوی دیفاعییەوە! رژیم هەموو کوردستانی میلیتاریزە کردبوو. شەڕی ئێران و عێراق کۆتایی پیٚ هاتبوو. بیرۆکەی سات و سەودای دەوڵەتەکانی ئێران و عێراق، لە سەر هێزە سیاسیەکانی ئۆپۆزیسیۆنی نیشتەجیٚ لە عێراق، بیر و ڕای گشتی کوردی خستبووە گومان و دڵەڕاوکێوە. لەو لاشەوە شەڕی چەندین ساڵەی کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات و پاشان تێکهەڵچوونەکانی هەر دوو باڵی حیزبی دیموکرات، تووی نائومیدی و دڵساردییان لە ناو دڵی مرۆڤی کوردا چاندبوو. لە بارودۆخێکی ئاوەهادا ، ئاسایی بوو یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانیش نەتوانیٚ بە خێرایی و لە یەك کاتدا بۆ هەموو کوردستان پەل و پۆ بهاویٚ. ئەم کارە پێویستی بە پرۆسەیەك بوو. کات و پشوودرێژی پێویست بوو. دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە، دژواری و نالەبارییەکانی کەش و هەوای دەسپێکی تێکۆشانی سیاسی خۆی بە باشی هەست پێکردبوو. بە هۆی هەڵسەنگاندنێکی واقعبینانەوە دەیزانی بۆ ڕێکخراوێکی سیاسی نویٚ لە بارودۆخێکدا کە بزوتنەوەی کورد لە حاڵەتی سڕیو پاشەکشەدایە،هەڵدان و گەشەی خێرا کارێکی ئەستەم و زەحمەتە.هەر بۆیە سالأنی لەدایکبوون و وەسەرپیٚ کەوتنی یەکێتیشۆڕشگێرانیکوردستان, سالأنێکی ئاسایی و لەبار نەبوون. ئەو سالأنە پڕ بوون لە هەوراز و نشێو و کەند و کۆسپ. بەهۆی داگیرکراویی شار و گوندەکانی ولأت لە لایان هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە, ئێستاشی لەگەڵدا بیٚ قەت ئەو دەرفەتەی بۆ هەڵنەکەوت وەك حیزب و لایەنەکانی دیکەی کوردستان, لانی کەم بۆ ماوەیەك بە ئازادیی چالاکیی سیاسی بەڕێوە بەریٚ و ڕاستەوخۆ لەگەلٚ کۆمەلأنی هەراویگەلی کورد کە سەرچاوەی ئەسڵی هێز و تواناکانن, هەڵسوکەوتی هەبیٚ. پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە کۆمەلأنی خەڵکی

وڵاتەکەمانەوە تەنیا لەڕێی دەستە پارتیزانەکانی هێزی پێشمەرگەوە دەسپێکرد و دوایە تێکۆشەرانی ڕێکخستنە نهێنیەکانیشی پێ زیاد بوو کە دیارە ئەوانیش ناچار بوون لە چوارچێوەی بنەماکانی خەباتی نهێنیدا کاربکەن. چالاکیی دەستە پارتیزانەکانیش کە تا ئێستا درێژەی هەیە, زۆری نەخایاند کە لەگەڵ گیروگرفتی گەورە رووبەروو بووەوە. دەربەستیی بەرانبەر ئەزموونی کوردستانی باشور و بەتەنگەوە بوونی بەرژەوەندییەکانی کارێکی وای کرد کە تێکۆشان و چالاکییەکانیدژوارتر بێ و بەجۆرێ ڕێکبخرێ کە زیان بەو ئەزموونە نەگەیەنێ. لە لایەکی دیکەوە بەربەرەکانی لەگەڵ تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانی باشور و پووچەڵکردنەوەی نەخشە و پیلانە تێرۆریستییە یەك لەدوای یەکەکانی, بەشێکی زۆر لە تاقەت و توانا و ئیمکاناتی بەخۆوە گرت.تەحەممول و سارێژکردنەوەی برینەکانیش هێز و وزەیەکی بەرچاویان تێچوو. بەڵام هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە لەوە دڵنیا بوو لە بەر ئەوەی پشت ئەستوور بە ڕێبازێکی ڕەسەنی نەتەوەییە، درەنگ یا زوو پەیامەکەی لە ناو دڵی مرۆڤی کورددا جێی خۆی دەکاتەوە. پەیامی پێکەوەنانی کیانێکی کوردی و داماڵینی کۆت و نیری زۆرداریی نەتەوەیی لەم وڵاتە داگیرکراوەدا چۆن دەتوانێ هەژان چێ نەکا؟ ئەگەر بانگی سەربەستی و کیانی نەتەوەیی لە وڵاتێکی داگیرکراودا نەتوانێ ببێتە هێزێکی مادی و وڵاتێ نەهەژێنێ، تۆ بڵێی چ خیتابێکیتر بتوانێ هێزی چارەنووسسازی ئەوان بێنێتە مەیدان. پەیام و خیتابی سیاسی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بۆ ئەو بەشەی نەتەوەی کورد کە ئەمڕۆ بە ئێرانەوە لکێندراوە، شتێکی نامۆ نیە. لە بەر ئەوە دڵنیایە لەگەڵ کرانەوەی بچووکترین دەلاقە، پتر لە هەمیشە بە خۆیدا دێ و گەشە دەکا و ڕەوتی بەرەو پێشەوە چوونی خۆی دەپێوێ.

به مەبەستی وروژاندنی لایەنەکانی پێوەندیدار بەم ئاسۆیە پرسیارگەلێکی زۆر دەسبەجێ لە ئاستماندا خۆ قوت دەکەنەوە.  یەکەم پرسیارێ کە ڕەنگە سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی رابکێشێ ئەوەیە کە یەکێتی شۆڕشگێڕانی

کوردستان بۆ پێکهات؟ پێویستیەکانی چ بوون و دەستەی دامەزرێنەر هەڵگری کام پەیام و خیتابی سیاسی بوو؟

پێکهێنەری یەکێتی شۆڕشگێڕانیکوردستان، دەستەی دامەزرێنەر بوو. دەستەی دامەزرێنەریش بریتی بوو لە پۆلێ تێکۆشەری سیاسی کە تائەو کات لق و کومیتەی کوردستانی ڕێکخراوێکی سەرانسەرییان پێکدەهێنا. باو بوونی فیکر و ڕێبازی مارکسیسم – لینینیسم لەو سەردەمەدا هۆکارێکی هەرە گرینگ بوو بۆ خۆ دیتنەوەی ژمارەیەکیزۆر لە تێکۆشەرانی کورد لە ڕێکخراوە سەرانسەرییەکاندا. بەڵام ئەزموون و پێداچوونەوەی چەندین ساڵ کارکردن لە ریزی ڕێکخراوی سەرانسەریدا، دەستەی دامەزرێنەری هێنابووە سەر ئەو باوەڕە کە مۆدێلی حیزبی سەرانسەریی تاقیکردنەوەیەکی شکست خواردو و بێئاکامە و ناتوانێ وەڵامێکی روون بۆ دۆزی کورد بێنێتە ئاراوە. لە مودێلی حیزبی سەرانسەریدا، ئەوەی بایەخی پێدەدرێ ، ناوەندە. کوردستان و شۆڕشەکەی لە باشترین حاڵەتدا،بە جوزئێك دەژمێردرێ لە دۆزی ناوەند. هەر کاتیش بە هۆی بوونی جیاوازی لە هەل و مەرج، ناکۆکی لە پێوەندیی ئەم دووانەدا بێتە ئاراوە، ئەوەی فیدا دەکرێ مەسەلەی ڕەوای گەلەکەمان دەبێ .
بە واتایەکیتر دۆزی کورد لە مودێلی حیزبی سەرانسەریدا هەمیشە بە پاشکۆدەژمێردرێ و وەك دیاردەیەکی سەربەخۆ حیسابی بۆ ناکرێ. بۆ دەر بازبوون لەم گرفتە، توور هەڵدانی قاوخ و مودیلی حیزبی سەرانسەری خرایەدەستووری کاری دەستەی دامەزرێنەرەوە. بەلاَم ئەم دابڕانە بە هیچ لەونێ نەیدەتوانی تەنیا دابڕانێك لە قەوارەیەك و چۆنیەتی خۆسازدانەوە بێت. هەوڵێك نەبوو بۆ ئاڵوگۆڕێکی رووالەتی و جێگۆڕکێی ئاسایی، لە قەوارەیەکی تەشکیلاتییەوە بۆ قەوارەیەکیتر. بە پێچەوانەوە ئەم دابڕانە بە مانای دەسپێکی گۆڕانکارییەکی فیکری بنەڕەتی بوو. ماڵاواییەکی یەکجارەکی بوو لە شکلێ و ڕێبازی ئێرانچییەتی و پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانە بوو لە ڕەوت و تێکۆشانی رابردوو. بۆ دەستەی دامەزرێنەر ئەم هەوڵە بە مانای شۆڕشێکی دیکە بوو. هەر بۆیە ئاسایی بوو نەیدەتوانی تەنیا لە نەقدی مودێلی حیزبی

سەرانسەریدا خۆی قەتیس بکا. بۆیە کار و تێکۆشانی دەستەی دامەزرێنەر، تەنیا بە رەخنە و پێداچوونەوەی رێبازی فیکری و تەشکیلاتی رابردوو نەیدەتوانی کۆتایی پێ بێ. هەر رێکخراوێکی سیاسی جیدی، بە تەمای درێژەیکار و بەرەوە پێش بردنی بەرنامەی خۆی بێ، ناتوانێ تەنیا بە نەقدی رابردوو دڵخۆش بکا.

قۆناغی دووهەمی کاری دەستەی دامەزرێنەر بێنێوبڕ جێگیرکردنی بەدیلێکی فیکری بوو.بەدیلێکیفیکری ئەوتۆ کە ئیلهامدەر و لە خۆگری پڕۆژەی سیاسی یەکێتیشۆڕشگێرانیکوردستان بایە. ئەم بیرە ،بیری نەتەوەیی کوردی بوو. ئەو بیرەی سەرەتاکەی بە خانی دەستی پێکرد و بە حاجی قادری کۆیی ژیانێکی نوێی وەبەرخرا و دواتر بووە هەوێنی فیکری گشت راپەڕینەکانی کورد هەتا رۆژگاری ئەمڕۆ. بە ئیلهام وەرگرتن لەو بیرە، دۆزی کورد وەك مەسەلەیەکی سیاسی و پرسی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت هەڵسەنگێندرا،دابەشکراوی و داگیرکراوی نەتەوە و نیشتمانی کورد وهەوڵدان بۆ پێکەوە نانی کیانێکی نەتەوەیی، بەهێزی بزوێنەری گشت راپەڕینەکانی نەتەوەی کورد لە قەڵەم درا کە هەر لە کۆنەوە تا ئێستا لە گشت پارچەکانی کوردستان هەڵگیرساوە. لەم خوێندنەوەیەدا گشت راپەڕینەکانی نەتەوەی کورد دەچنە خانەی بزوتنەوەی رزگاریخوازانەوە و نێوەرۆکی کێشەکە لە گشت پارچەکانی کوردستان دەبنە یەك مەسەلە. ئەم راستییانە دەستەی دامەزرێنەر دێنێتە سەر ئەو باوەڕە کە گرفتی کورد تەنیا ئەو کاتە دەتوانێ وەڵامی شیاوی خۆی وەربگرێتەوە، کە کورد ببێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی خۆی. بۆ ئەم مەبەستەش یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان ئەرکی سەر شانیەتی بە گوێرەی وزە و توانای خۆی نوێنەرایەتی ئەو رەوتە فیکری وسیاسیەلە کوردستان بگرێتە ئەستۆ کە چارەسەری یەکجاری کێشەی کورد بە بوونی دەوڵەتی نەتەوەییەوە گرێدەدا. بەڵام هەر لێرەدا پێویستە بڵێین دەستەی دامەزرێنەر لە گەڵ ئەوەی بێ هیچ سڵکردنێك چارەسەرکردنی یەکجاری مەسەلەی کورد، بە بوونی دەوڵەتی نەتەوەییەوە

دەبەستێتەوە، لە گەڵ ئەوەشدا خوێندنەوەیەکی واقعبینانەی هەیە بۆ ژێئۆپۆلۆتیکی کوردستان و پارسەنگی هێز لە دنیای سیاسەتدا بە هێند دەگرێ . هەر بۆیە لە هەر هەنگاوێ کە بستۆکەیەك کورد لە ئامانجی ستراتیژیك نزیك بکاتەوە، پشتیوانی دەکات.ئا لێرەوەیە کە بۆ یەکەمجار لە کوردستاندا فیدرالیسم بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا وەك لانی کەمی مافی کورد لەم قۆناغەدا، هەڵدەبژێرێ و تەئکیدی لە سەر دەکا.

لە تێڕوانینی دەستەی دامەزرێنەردا، یەکێتی شۆڕشگێڕان بۆ ئەوەی بتوانێ لە دۆزی نەتەوەیی کورد دا، ڕۆڵی چالاکانەی خۆی هەبێ، پێویستە خاوەن پێناسەیەکی کوردستانیش بێ. بەو مانایە کە دۆزی نەتەوەیی کورد وەك دیاردەیەکی سەربەخۆ سەیر بکات و هەر سیاسەت و تاکتیکێ کە هەڵیدەبژێرێ لە سەر بناخەی قازانج و بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد بێ. بە مەبەستی پراکتیزەکردنی ئەم پرێنسیپە، دەستەی دامەزرێنەر بۆ یەکەم جار لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بیرۆکەی بەرەی کوردستانی دێنێتە گۆڕێ. لە مەڕ پێویستی پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی هێز و توانای خۆی دەخاتە گەڕ. لە کەش و هەوای ئەو کاتەدا هێنانە ئارای پرسێکی ئەوتۆ بە پێچەوانەی بارۆدۆخی ئێستا کارێکی ئاسان نەبوو. ئەوەندەی بیر لە پێکهێنانی **"بەرەی دژی ئیمپریالیستی"** لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسیەکانی ئێرانی دەکرایەوە و ئەوەندەی هێز و توانای کورد بۆ **"نێونەتەوەیی کومۆنیستی"** بە فیڕۆ دەچوو، بە دەگمەنیش باسێ لە بەرەی کوردستانی نەدەکرا. لە ئەدەبیاتی سیاسی ئەوسای هێزە سیاسیەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بڕوانن، چ دەبینن؟ خۆ سەرقاڵکردن بۆ جێ خستنی **"کومۆنیستی کاریگەری"** لە کوێ و هەوڵدان بۆ سەرکەوتنی دۆزی نەتەوەیی کورد و بەرەی کوردستانی لە کوێ ؟ ئەو هێزەی دۆزی نەتەوەیی کوردی بە کۆسپی سەرەکی یەکخستنی چینی کرێکار دەزانی و بیری نەتەوەیی کوردی بە"ژاریخاپاندنیکرێکاران وزەحمەتکێشان" لە قەڵەم دەدا، لە کوێ دەیتوانی خۆ لە قەرەی ئەم تەوەرانە بدا. بە کورتی بڵێین

دەستەی دامەزرێنەر بە لە بەر چاو گرتنی هەل و مەرجی ئەوسا داهێنانێکی گرینگی هێنایە ناو فەرهەنگ و ئەدەبیاتی سیاسی نەتەوەییکوردستانی رۆژهەلات و دەسپێکی تێکۆشانی یەکێتی شۆڕشگێڕان حەرەکەتێکی نوێی فیکری بوو. بۆیە دەتوانین بڵێین لە یەکەمین هەنگاویدا، دەستەی دامەزرێنەر مەبەستی گرینگی خۆی پێکا.بەلام وێرای هەموو ئەو هەولانە هێشتا رەگەیەکی فیکریی و ئیدئۆلۆژی باوی سەردەمی لە خۆیدا حەشار دابوو. لە گەلێ ئەوەی ئەم گرایشە هیچ کات نەیتوانی مۆرکی خۆی بە خیتاب و گوتاری سیاسی یەکێتی شۆڕشگێڕانەوە بلکێنێ و جێگا بە گوتاری نەتەوەیی لێژ بکا، بەلام لە درێژەی تێکۆشانیدا، یەکێتی شۆڕشگێڕان ئەم رەگەیەشیخستە بەر تیغی نەشتەرگەری.بە داخەوە شەهید سەعید وەك رێبەر و رێکخەری دەستەی دامەزرێنەر زۆر زوو کەوتە بەر پیلانی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامی و نەیتوانی وەك هەمیشە لە برینی ئەو قۆناغەشدا پێشڕەویی خۆی نیشان بدا.بەلام هاوڕێیانی شەهید سەعید بۆ یەك ساتیش لە رەوتی نوێ کردنەوە و پێداچوونەوە نەپرینگانەوە و دەلاقەی دیالۆگ و باس و ئالوگۆڕی فیکری لە ریزەکانیدا نوێ بوونەوەی نوێتری چێکرد. نوێ بوونەوەیەك کە هەرچی زیاتر تەعبیر لە ئاواتی لە مێژینەی40 میلیۆن نەفەری بێ دەولەت بکا و لە جاران زیاتر لە سەر پێناسەی کوردستانی بوونی پێدا بگرێت و ببێتە پێشرەوی بزاڤیناسیۆنالیسمیکوردیلە کوردستانی رۆژهەلات.

دەفتەری راگەیاندن بە مەبەستی ناساندنی هەرچی زیاتری بناغە فیکری و سیاسییەکانی دامەزرانی یەکێتی شۆڕشگێڕانیکوردستان،گولبژێرێك لەشیکاری و لێکدانەوەکانی رێبەری شەهید کاك سەعید یەزدانپەنا لە تویێ 3 نووسراوەدا کە بریتین لە" "یەکێتی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان باشتر بناسین", " ئێمە و هێزە سیاسیەکانی ئێرانی و کوردستانی"و "وتووێژی کۆمیسیۆنی تەبلیغات لەگەل هاوڕێ سەعید یەزدانپەنا"کە لە سەرەتای دامەزرانیدا بۆ روونکردنەوە و شیکردنەوەی بیر و سیاسەت و هەلوێستەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بلاوبوونەوە ورۆلی بەرنامە و پرۆگرامی

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانیان گێڕاوە،هەر بەورێنووس و ڕێزمانەیکاتی خۆینووسراون، لە چاپ دەداتەوە. دیارە لە ماوەی ئەو 13 ساڵەدا گەلێك ئاڵوگۆڕی گرینگ رووی داوە. بۆ هەڵسەنگاندنی دروستی ئەم بەڵگەنامانە دەبێ بگەڕێینەوە بارودۆخ و کەش و هەوای سیاسی ئەو دەمی جیهان و کوردستان و ئێران. لەو ماوەیەدا یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان تا هاتووە ناسنامەی فیکری و سیاسیی خۆی بە ئاقاری نەتەوەییدا شەفافتر و لەسەر ئەو بناغە فیکری و سیاسیانە, داهێنان و دەسپێشخەریی سیاسیی دیکەشی پێشکەشی بزوتنەوەی رزگاریخوازیی گەلەکەمان کردووە. هێندێك بابەتی سیاسیی رۆژیش کەمرەنگتر یان پڕرەنگتر بوون.

ئەو بەڵگەنامانە مانیفیستی ئازادیی کوردوبەیداخی خەباتی یەکێتی شۆرشگێرانی کوردستان بوون. بەسەرنجدان بەو بەڵگەنامانە, دەردەکەوێ کە دامەزرانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان چ بۆشاییەکی لە بزوتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستاندا پڕ کردوەتەوە و چ تازەگەرییەکی داهێناوە. خوێندنەوەی ئەو بەڵگەنامانە, دەیسەلمێنێ کە ئەم هێزە سیاسیە چ دەورێکی پێشڕەوانەی لە بزوتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستاندا هەیە و چەندە بۆ ئەمرۆ و دوارۆژی گرینگ و بە بایەخە!

**دەفتەری راگەیاندنی یەکێتی شۆرشگێرانی کوردستان**

**خەزەڵوەری 2704 کوردی**

**نوامبری 2004 زایینی**

# یەکێتی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان
# باشتر بناسین

نووسینی : سەعید یەزدانپەنا - لەدامەزرێنەرانی یەکێتی شۆڕشگێرانی گەلی کوردستان

**یەکێتی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان(1) لە ڕێکەوتی 30 مانگی گوڵانی 1370 (20 مای 1991)دا بۆ وڵام دانەوەی شۆڕشگێڕانە بە هەل و مەرجی مێژوویی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کوردمان دامەزراوە و هەر زۆر زوو هەست بەوە دەکا کە لە مەیدانی خەباتی بەربڵاوی نەتەوە ژێردەستەکەمان دا دەتوانێ بەشێ لە بۆشاییەکان پڕ بکاتەوە .**

**لە راستیش دا یەکێتی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان بە ئەرکی سەرەکیسەرشانی خۆی دەزانێ بە پەرەپێدان بە چالاکی سیاسیی خۆی ریزەکانی شۆڕشی حەق خوازانەی گەلەکەمان هەرچی زیاتر بە هێز بکات . بەڵام ئەرکە سیاسی – نیزامییەکانی ی.ش.گ.ك. هەر بەوە کۆتایی پێ نایێت . گرینگ تر لەمانە ئەوەیە کە یەکێتیمان بە لە دایك بوونی , رێکخراو و رێباز و دروشمی نوێی لە گەڵ خۆیدا بە دیاری بۆ کوردستانی خۆشەویستمان ( لە بەشە داگیرکراوەکەی ئێران ) هێناوە. ئەوەی کە وەك شانازییەك بۆ یەکێتی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان دەمێنێتەوە ئەوەیە کە بە ئەزموون وەرگرتن لە مێژووی خەباتی گەلەکەمان بە هەموو سەرکەوتن و شکانەکانی , هەوڵ دەدات شێوەی رێك و پێك و منسجم یان پێ بدات, تا ببنە مەشخەلێك کە رێگای پڕلێر و هەڵدێری خەبات بۆ رزگاری رووناك بکەن .ئەگەر ی.ش.گ.ك. بتوانێ لەم رێگا پڕ لە شانازییەدا تەنیا هەنگاوێکیش هەڵێنێ ئەوا بە دڵنیاییەوە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە . ئەم نووسراوەیەش ئەرکی ئەوەیە کە هەر لەم رێیەدا هەنگاو بنێت و هەوڵ بدات بەو پرسیارانەی کە لە سەر رێگایەتی بەرە بەرە وەڵام بداتەوە .**

## کام پێویستی مێژوویی ؟

**لە راگەیەندراوی پێك هاتنی یەکێتی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان دا هاتووە کە یەکێتیشۆرشگێران بۆ وەڵام دانەوە بە پێویستییەکانی مێژوویی خەباتی گەلی کورد بۆ رزگاری پێك هاتووە . رەنگ بێ هێندێ کەس لێمان بپرسن کام پێویستیی مێژوویی ؟ بۆ روون کردنەوەی ئەم باسە پێویستە بگەرێینەوە بۆ لێکۆلێنەوەی ناوەرۆکی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کوردمان .**

**هەر وەك هەمووان دەزانن كورد و كوردستان,نەتەوە و وولاتێكی دابەش كراون لە نێوان چەند ولاتی جیاوازدا.یەكەمین جار كوردستان لە ئاكامی شەڕی نێوان عوسمانی و ئێران دا (دوای شكانی ئێران لە شەڕی چالدران) دابەش كراوە . بۆ دووهەمین جار دوای تەواو بوونی شەڕی یەكەم و لە بەر یەك بلاو بوونی ئیمپراتوریی عوسمانی و سەرهەلدانی چەند دەولەتی سەربەخۆ (لە باری جوغرافیاییەوە) وەك توركیا , سووریا ,عێراق و ئەو بەشەی كە بە زۆری بە عوسمانیەوە لكێندرابوو , بە سەر ئەم دەولەتە تازە دامەزراوانەدا دابەش كرا . روون و ئاشكرایە كە كورد بە رەزامەندی و خۆشی خۆی ئابەم شێوەیە دابەش نەكراوە . بەلكوو داگیركەرەكانی بڕیاری وا زالمانەیان لە سەر داوە . گەلی كورد بە درێژایی چەندەها سالْ بە خەبات و راپەرین دژ بە داگیركەرانی كوردستان نیشانی داوە كە كورد یەك نەتەوەیە و خەباتەكەشی لە بنەرەت دا بۆ یەك مەبەستە . یانی لە راستیدا خەباتی گەلی كورد بە گشتی ناوەرۆكی رزگاریخوازانەی هەیە . بەو مانایە كە ئامانجی ئەو خەباتە كۆتاییهێنان بە داگیر كردنی كوردستان و وەدی هێنانی مافی سەرەتایی دیاری كردنی چارەنووسی ئازادانەی خۆیەتی . ئەوەش هەر بەو مانایەیە كە بە گشتی مەسەلەی كورد مەسەلەیەكی واحیدە . ئێمە لە هەمان كات دا كە ئەم راستی یە دەست نیشان دەكەین , دەبێ ئەوەشمان لە بەرچاو بێ كە وەك رێكخراوی سیاسی لە گەلْ هێندێ واقیعیات بەرەورووین كە دەبێ حیسابی زۆر جیددی بۆ بكرێ .**

**لەوانە یەكەم ئەوەیە كە هەركام لە بەشە داگیركراوەكانی كوردستان بە دەولەت و ولاتێكەوە لكێندراون كە هەل و مەرجی خەباتی سیاسی – كۆمەلایەتی و ناوەرۆكی دەسەلاتی سیاسی تێیاندا جیاوازی كەیفی هەیە.لە بەر ئەوە بەرنامەی عەمەل و شێوەی خەبات , پێوەندیەكان , ریككەوتنەكان ودروشمەكان ناتوانێ وەك یەك دیاری بكرێن . بە واتایەكیتر, لە هەل و مەرجی ئێستادا داڕشتنی ستراتیژیەكی واحید و هەمەلایەنە بۆ خەباتی رزگاریخوازنەی كورد لە هەموو بەشەكانیدا گونجاو نیە .**

دووهەم , ئەو هەل و مەرجە جیاوازە سیاسی – کۆمەلآیەتی‌یە دەبێتە هۆی ئەوە کە لە هەر لایەك ڕێکخراوی سیاسی بە تایبەتمەندی و دروشم و ڕێبازی سەربەخۆی خۆیەوە بەشداری خەباتی حەق خوازانەی کوردستان بکات و لە پێش دا هەولْ بدات بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی ئەو ولآتەی کە تێ‌یاندا دەژی مەسەلەی کورد حەل بکرێ . وێڕای ڕێز گرتن لەم مەسەلەیە , دەبێ ئەوەش بە چاکی لە بەرچاو بگیرێ کە ئەگەر هەل و مەرجی سیاسی نێوخۆیی و نێونەتەوەیی لە بار بوو بۆ ئەوەی بەشێك لە میللەتی کورد لە یەکێك لەو ولآتانەدا بتوانێ مافی دیاری کردنی چارەنووس وەدەست بێنێ , ئەوە تازە سەرەتای توند و تیژ کردنی خەباتی سیاسی بۆ ڕزگاری یەکجاری کوردستانە .

جا ئەگەر ئەوە ڕاستە کە خەباتی کورد لە بنەڕەتدا خەباتێکی ڕزگاریخوازانەیە, زۆر ئاسایی‌یە کە هێزی تایبەتی خۆی هەبێ. بە واتایەکی‌تر هێزەکانی بزووتنەوەی کورد دەبێ هەولْ بدەن بە تەواوی کوردستانی بن و کوردستانی بمێننەوە. بەلآم ئەم ڕاستی‌یە هێشتا پێویستی پێك هینانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان ڕوون ناکاتەوە.چونکە لە مەیدانی خەباتی گەلی کوردمان دا هێزی کوردستانی بە دەسەلآت و خاوەن ڕابردووی دوور و درێژ بەدی‌دەکرێ.یەکێتی‌مان لەئەنجامی‌لێکۆڵینەوەی ورد و ستراتیژی خەباتی کورد و کۆمەڵی کوردەواری و ئەزموونی ڕێکخراوە چەپە سەرانسەری‌یەکاندا پێك هاتووە . بەو مانایە کە :

یەکەم – هەروەك لە سەرەوە باس کرا , خەباتی گەلی کورد خەباتێکی ڕزگاریخوازانەیە و پێویستی بە ڕێکخراوی سیاسی خۆی هەیە .

دووهەم – کۆمەڵی کوردەواری هەر وەك هەموو کۆمەڵگایەکی دیکە چینایەتی‌یە . چینە جۆراوجۆرەکانی کوردستان وێڕای هاوئامانج بوون لە ڕزگاری کوردستان دا , هەر کام بەرژەوەندی تایبەتی و ڕێباز و دروشمی تایبەتی خۆیان لە بزووتنەوەی گشتی‌دا هەیە .کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران سەرەڕای ئەوەی کە باری قورسی درێژەی خەباتی سیاسی

– چەکداریيان لە سەر شانە هەتاکوو ئێستا لە بوونی ڕێکخراوی سیاسی تایبەتی خۆیان بێبەش بوون .

یەکێتیمان هەوڵ دەدات لە بزووتنەوەی گشتی کوردایەتیدا پارێزەری بەرژەوەندی زەحمەتکێشانی کوردستان بێ..

سێهەم – لە کوردستانی ئێران بەشی هەرە زۆری مارکسیستەکان لە نێو ڕێکخراوە چەپییە سەرانسەرییەکان دا کۆببونەوە و هەر ئێستاش بەشێکی بەر چاویان پێوەندی تەشکیلاتییان بەو ڕێکخراوانەوەیە . ئێمەش بۆ خۆمان پێشینەی کاری سیاسیمان هەردەگەڕێتەوە بۆ یەکێ لەو ڕێکخراوە سەرانسەرییانە . ئەزموونی پتر لە دە ساڵ ژیانی پڕ هەڵس و کەوتی بزووتنەوەی گەلی کورد لە ئێران کە بەردەوام بە شێوەی چەکداری بە قۆناخی جۆراوجۆردا تێپەڕیوەبەباشی دەریدەخات کە ڕێکخراوێکی سەرانسەری ئێرانی هەرچەندەکەشۆڕشگێڕوبەتواناو لە باری تەشکیلاتی نێوخۆییەوە دیمۆکراتیك بێ, دیسانیش ناتوانێ وەڵامدەری نیازی شۆڕشگێڕانەی زەحمەتکێشان و بزووتنەوەی کورد بێت.

هۆیەکانیشی تا ڕادەیەکی زۆر ڕوونن:

یەکەم – ئەوەی کە مەسەلەی کورد بە گشتی ,کرێکاران و زەحمەتکێشانی کورد بە تایبەتی , تایبەتمەندی خۆی هەیە . مەسەلەی سەرەکی کورد لە ئێران لابردنی ستەمی میللی و وەدەست هێنانی مافی دیاری کردنی چارەنووسە . لە حالێك دا بۆ ڕێکخراوێکی سەرانسەریی ئێرانی لە باشترین حاڵەت دا ئەوە جوزئێکە لە بەرنامەی گشتی . لە سەر ئەو ئەساسە ئاشکرایە کە ڕێکخراوێکی ئێرانی نە دەتوانێ و نە دەش کرێ هەموو هەوڵ و چالاکی خۆی بۆ ڕزگاری گەلی کورد تەرخان بکات .

دووهەم – هەل و مەرجی سیاسی خەبات لە کوردستان دا لە گەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێران بە ئاشکرا جیاوازە . لە کاتێك دا ئەوە پتر لە دە ساڵە گەلی کورد بێوچان دەرگیری خەباتی چەکداری لە گەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە , لە ناوچەکانی دیکە هەر لەو ماوەیەدا خەباتی ئاشکرای سیاسی

و چەکداری بە شێوەی کاتی بیندراوە . هەر ئێستاکەش ڕادەی ئامادەیی خەڵکی کوردستان بۆ درێژەپێدان و پەرەئەستاندنی خەبات لە ناوچەکانی دیکە بە ڕوونی زۆر زیاترە . هەر ئەم جیاوازی‌یە لە هەڵبژاردنی تاکتیك و ستراتیژی سیاسی‌دا مەودایەکی بەرچاو لە نێوان کوردستان و بزووتنەوەی سەرانسەری بە گشتی پێك دێنیٚ کە ڕێکخراوێکی سەرانسەری توانای گرێدانی بە یەکەوە نیە . لە ئاکامدا ئەوە دەبێتە هۆی "تناقضات"ی نێوخۆیی لەو ڕێکخراوانەدا .

سێهەم – لە بواری نێونەتەوەییش دا بە گشتی مەیدانەکان بۆ هەڵسووڕانی سیاسی و ڕاکێشانی سەرنجی دەوڵەتان و ئەحزاب و بیرەڕای گشتی جیهانی بۆ مەسەلەی کورد و ستەم و زۆرداریٚ کە لێی دەکریٚ لە گەڵ مەسەلەی گشتی ئێران جیاوازە . بۆ وێنە دەتوانین لەو کۆنفرانسانە ناو بەرین کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە سەر مەسەلەی کورد گیراون . ئایا ڕێکخراوێکی سەرانسەری بە بەشە کوردستانی‌یەکەشی‌یەوە دەتوانیٚ لەم بوارەدا بە چاکی بدرەخشێت ؟

هێندیٚ ڕێکخراوی سەرانسەری چەپ لە گەرمێن و لە کوێستانی کوردستان هەوڵیان داوە کە لە ڕێگای حقووقی‌یەوە بتوانن بۆ ئەو مەسەلانەی سەرەوە ڕێگای چارەسەری ببیننەوە . بەو جۆرەی کەرێکخراوی کوردستانی ئەو حیزبانە هێندیٚ حقووقی تایبەتی لە نێو حیزبە سەرانسەری‌یەکەدا هەبێت , وەکوو ئەوەی کە ڕێکخراوی کوردستانی، یان کونگرە و کۆمیتەی ناوەندی تایبەتی خۆیان هەبیٚ و لە سەر مەسەلەی کوردیش بتوانن بۆ خۆیان بڕیاری پێویست بدەن . ئەم ڕێگا چارەیەش هەر چەند لە هەوەڵەوە توانیویە هێندیٚ گیر و گرفت وەلابنیٚ , بەڵاّم لە ئەنجام دا نەك هەر سەرکەوتنی بە دەست نەهێناوە , بەڵکو بە پێچەوانەوە لە بەر ئەوەی ساختاری ڕێکخراوە سیاسی‌یەکە بە شکڵی فدراتیوی دەردێنیٚ , بۆتە هۆی ئاڵۆزی نێوخۆیی . بوونی کۆمەڵە لە نێو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دا کە ڕەنگ بیٚ لە داهاتوودا بە ڕەسمی هەموو حقووق و ئیختتیاراتی تایبەتی ڵیٚ وەربگیرێتەوە , باشترین نموونەیە بۆ ئیسباتی بۆچوونی ئێمە . (ئەوانەی کە لە سەرەوە باس کرا دیارە

بەو مانایە نیە کە گەلی کورد لە ئێران ئامانجی هاوبەشی لە گەلٚ بزووتنەوەی سەرانسەری نیە. هەر لەم نووسراوەدا سەبارەت بە ئامانجەهاوبەشەکانی بزووتنەوەی کورد و خەباتی سەراسەری دەدوێین.)

ئەوە کە تا ئێستا باس کراوە لە راستیدا تەنیا بنەمای فکری پێك هێنانی یەکێتی شۆڕشگێرانی گەلی کوردستان دەردەخات . لە بار بوونی هەل و مەرجی سیاسی نێونەتەوەیی بۆ هێنانەگۆڕی مەسەلەی کورد , پارامیترێکی دیکەیە کە لە باری زەمانی یەوە هەوڵی ئێمەی بۆ پێك هێنانی ئاوەها رێکخراوێك خستۆتە پێشەوە . پێویستە هێندێکیش لەم بارەوە بدوێین .

هەل و مەرجی تازەی نێونەتەوەیی بە مانای کۆتایی هاتنی دەورانی شەڕی سارد و دەست پێکردنی دەورانێکی نویٚ لە هاوکاری و تەفاهومی جیهانی, کە ئەوا چەند ساڵە بەرە بەرە باڵی بەسەر جیهاندا کێشاوە لە ناوەرۆکی خۆیدا بە هۆی تایبەتمەندی یەکانیەوە ئیمکاناتی تازەی بۆ رزگاریی گەلان و گەیشتن بە ئازادی و دیموکراسیپێك هێناوە . دەورانی نویٚ لە باری سیاسی یەوە , دابەش کردنی جیهان لە سەر بناغەی بلوك بەندی نیزامی – سیاسی لە نێوان غەرب و شەرق دا کێشاوەتە ژێر پرسیارەوە , رەوتێکی تازەی لە رقابەتی ئابووری –سیاسی بەدی هێناوە . سەرەرای ئەوەی کە ئێستاکەش عەوامیلی بە هێز هەن کە بەرژەوەندی خۆیان هەروا لە راگرتنی هەل و مەرجی دەورانی شەڕی سارددا دەبینن و بەو پیٚ یە هەولٚ دەدەن لەم لاولەولا پێشی رەوتی تازە دەست پێکراوی جیهان بگرن . بەلاٚم بیٚ گومان رەوتی کۆتایی پیٚ هێنان بە دەورانی شەڕی سارد هەروا بیٚ وچان بەرەو پێش دەروات .

ئەم رەوتە بە دابەش کردنی دوو قطبی جیهان , لە نێوان قطبی ناتۆ و وەرشەودا کۆتایی دێنیٚ وسەر لە نویٚ دابەش کردنی بازارەکان لە ئاستی نێونەتەوەییدا دێنێتە گۆڕیٚ .

گەشە کردنی رەقابەتی نێونەتەوەیی لە سەر بناغەی ئابووری –سیاسی , هەڵسووڕانی چەند هێزی گەورەی جیهانی وەك ئوروپا و ژاپون کە داهاتوویەکی روونیان لەم بووارەدا هەیە چالاکانە وەگەڕ دەخات . بەرەوپێش

**چوونی بێ گەڕانەوەی ئەم رەوەتە نوێیە لە ئاستی جیهانیدا دوو مەرجی سەرەکی پێویستە کە هەر دووکیان رێگاخۆش کەری پەرەئەستاندنی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلان و خەبات لە رێگای دیمۆکراسی دان :**

**یەکەم — دابەش کردنی سەر لە نوێی بازاری ئابووری جیهان پێویستی بەهاوبەشی زیاتری لایەنەکانی جیهانی سەرمایە، لەسەرمایە گوزاری و بەدەست هێنانی سوود لە بازاری نێونەتەوەییدا و هەروەها بەشداری لایەنە جۆراوجۆرەکانی بورژوازی نێوخۆیی لە ولاَتانی باشوور لە دەسەلاَتی سیاسی دایە . هەر ئەمە خۆی دەبێتە هۆی خاڵی بوونی ژێرپێی حاکمییەتی دیکتاتۆری بورژوازی بوروکڕاتیکی دەوڵەتی و دەسەلاَتی تاکە حیزبی و کرانەوەی فەزای سیاسی بۆ گەشە پێدان بە خەبات لە رێگای دیمۆکراسیدا .**

**دیارە مەرجی کەڵك وەرگرتن لەم هەل و مەرجە، وشیاری سیاسی هێزە شۆڕشگێڕەکانە کە بتوانن ئاسۆی ئاڵ وگۆڕەکان دەرك بکەن و بە گوێرەی پێویست هەڵویستی ستراتیژیك و تاکتیکی بۆ دابڕێژن .**

**دووهەم - دابەش کردنی سەر لە نوێی بازاری جیهانی , پێوەندی نیزیکی بە ئاڵ و گۆڕی سنوورە دەست کردەکانەوە هەیە کە تاکوو ئێستاش یەکێ لە هۆیەکانی ئاڵۆزیی جیهانی , شەڕ و تێك هەڵچوونی ناوچەیین . سەرمایە کاتێ دەتوانێ لە بازاری جیهانیدا بە باشی لە گەردش دا بێ و سوودی پێویست وەدەست بێنێ کە ئەمنییەتی دەستەبەر کرابێ . ولاَتە داگیرکراوەکان و نەتەوە ژێر دەستەکان , کە بەشێکی گەورە لە بازاری جیهانی پێك دێنن , دەبێ لەم دەرفەتە نێونەتەوەییيە کەڵك وەربگرن و بە روونی نیشانی بدەن کە ئاسایش و هێمنی دابین نابێت تا ئەو کاتە ئەوان لە لایەن داگیرکەرانی دیکتاتۆرەوە بە توندی سەرکوت دەکرێن و چووکترین مافی رەوای ئینسانییان زەوت دەکرێ . کاتێ کە دیواری بەرلین وەکوو سەمبولی دەورانی شەڕی سارد دەرووخێ و ئەو سنوورە دەست کردە هەڵدەگیرێ , بەو مانایەیە کە رێگا خۆش دەبێ بۆ ئەوەی کە ئەو سنوورانەی کە بە پێچەوانەی ویستی خەڵکی ئەو ولاَتانە بە سەریان دا**

داسەپاوە , هەڵدەوەشێنەوە ، یان لانیکەم نەتەوە ژێر دەستەکان ئەو مەجالەیان بۆ دەرەخسێ کە بە سەر چارەنووسی خۆیاندا زاڵ بن .

گەلی کوردیش یەکێ لەو نەتەوە ژێر دەستانەیە کە ئەورۆکە لە باری نێونەتەوەیی‌یەوە هەلی بۆ رەخساوە تا دەنگی خۆی بە گوێی گەلانی دنیا بگەیەنێ و سەرنجی کۆمەڵانی پێشکەوتووی جیهان بۆ لای داوا رەواکانی رابکێشێ . با جارێکی دیکەش ئەو راستی یە دووپات بکەینەوە کە هەل و مەرجی ناوچەیی و نێونەتەوەیی هەر چەندە لە باریش بێ، گەلی کورد تەنیا بە پشت بەستن بە خۆی و پتەوتر کردنی ریزەکانی شۆڕش دەتوانێ بە ئامانجە لە مێژینەکانی بگات . یەکێتی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستانیش هەر بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزە لەم بارودۆخەدا دامەزراوە و خۆی لە دەریای پڕخرۆشی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلەکەمان هاویشتووە .

## یەکێتی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان, ئامانج, رێبازی سیاسی و دروشمەکانی

***********************************

یەکێتی شۆڕشگێرانی گەلی کوردستان لە پێناوی وەدەست هێنانی مافی چارەنووس, دیمۆکراسی و سوسیالیسم چالاکانە خەباتدەکا. لەم بارودۆخەدا وەدی هێنانی دیمۆکراسی و مافی چارەنووس, قۆناغێکی ستراتیژیك پێك دێنن . دامەزرانی دیمۆکراسی و و دابین کردنی مافی چارەنووسی گەلان هەل و مەرجی هەنگاونان بەرەو کۆمەڵێکی سوسیالیستی پێك دێنێ . ئێمە لە داهاتوودا بە سەرنج دانەسەر ئەزموونەکانی تا ئێستای ئەو وڵاتانەی کە سوسیالیزمیان تیادامەزراوە و لەم دەورانەدا یا تووشی شکانی ستراتیژیك

**هاتوون و هێزەکانی بورژوازی دەسەڵاتیان وەدەستەوە گرتووە، یا هێشتا ئاڵ و گۆڕی نێوخۆیی بە توندی تێیاندا بەردەوامە , وەك یەکێتی سۆڤیەتی، ئەبێ بۆچوون و روانگەی خۆمان سەبارەت بە کۆمەڵێکی سوسیالیستی کە خەباتی بۆ دەکەین بە وردی روون بکەینەوە . دیارە ئەوەش دەبێ لەو باسانەی کە لە داهاتوودا هاوکات لە گەڵ خۆئامادە کردن بۆ پێك هێنانی کۆبوونەوەی گشتی , سەبارەت بە بەرنامەی یەکێتیمان دەکرێ ,خۆ نیشان بدات .**

**ئەوەندەی کە لێرەدا دەکرێ بە گشتی باسی بکرێ ئەوەیە کە :**

**یەکەم – بناغەی کۆمەلێکی سوسیالیستی لە سەر کۆتایی هێنان بە چەوسانەوەی مرۆڤ و دابین کردنی یەکسانی مرۆڤایەتی دادەمەزرێ.گەیشتن بە یەکسانی لە کۆمەڵ دا و لابردنی چەوسانەوە پێویستی بە رادەیەك لە گەشەی ئابووری , سیاسی ,فەرهەنگی لە کۆمەڵ دایە کە سوسیالیسم بە مانای هاوبەشیلە بووندا بێ , نەك هاوبەشی لە نەداری و فەقیریدا . ئاسایش و رەفاهی مرۆڤ لە سەرەوەی بەرنامەکانی سوسیالیستی دایە .**

**دووهەم – دەسەڵاتی سیاسی سوسیالیستی نەك هەر ناکۆکی لە گەڵ دیمۆکراسیدا نیە بەڵکوو بوونی دیمۆکراسی لە وڵاتدا مەرجی سەرەکی بۆ گەشەی سوسیالیزمە . دیمۆکراسی و سوسیالیسم لە کۆمەڵێکی سوسیالیستیدا لێك جیاواز نین . هەرکات ئەو جیاوازی یە بەدی کرا ئەوا روونە سوسیالیزم بە لاڕێدا دەڕوا و دەسەڵاتی سیاسی نەك لە دەستی چینی کرێکاردا , بەڵکوو لە دەستی تاقمێك بوروکرات دایە کە چیدی فریان بە کرێکاران و زەحمەتکێشانەوە نەماوە .**

**بۆ پاراستنی دیمۆکراسی لە وڵاتێکی سوسیالیستیدا سەقامگیر کردنی ئەم میکانیزمە دیمۆکراتیکانە زۆر پێویستە :**

**ئەلف – مەشرووعییەتی دەوڵەتی سوسیالیستی دەبێ لە دەنگدانی گشتی و نهێنیدا کە نزارەتیپێویستیی نێونەتەوەییو نێوخۆیی لە سەربێ, بسەلمێندرێ ..**

ب – دەوڵەتی سوسیالیستی دەبێ دەوڵەتێکی حقووقی و قانونی بێت کە غەیرە ئیدئۆلۆژیك و غەیرە حیزبی‌یە. .

ج – حکوومەتی سوسیالیستی دەبێ بریتی بێ لە تێکەڵاوی دیمۆکراسی راستەوخۆ ( وەك شۆراکان و و کۆمیتە خەڵکی یەکان ) و ناراستەوخۆ ( وەك مەجلیس و کۆنگرەی نوێنەرانی خەڵك ) کە ئەرکی یاسا دانانیان هەیە.

د – قانوونی ئەساسی لە وڵاتێکی سوسیالیستی‌دا دەبێ هەموو چەشنە ئازادی‌یەکی سیاسی , کۆمەڵایەتی , فەرهەنگی , هونەری و... بۆ کۆمەلانی خەڵك و هێزە بەرهەڵستکارەکان دابین بکات . ئازادی هەمە لایەنەی سیاسی هەتا سنووری دەست دانە چەك دەبێ پارێزگاری لێ بکرێ .

دیارەئەمانە تەنیا سەرەتای لێکۆڵینەوەیەکی قووڵن لە سەر دامەزرانی کۆمەڵێکی سوسیالیستی.بەلاّم لە راستی‌دا لە ئەزموونی سوسیالیسم لەم سەردەمەدا وەرگیراون . لەو وڵاتانەی کە تا ئێستا بە ناوی سوسیالیزمەوە ناسرابوون هیچ کام لەو تێبینی‌یانەی سەرەوە بە کار نەهێندراون . هەر ئەوە بۆتە هۆی ئەوە کە بەشێکی زۆر لە کۆمەلانی خەڵك پێ‌یان وابێ کە بە راستی سوسیالیسم لە گەڵ دیمۆکراسی‌ناتەبایی‌هەیە.ئەوەلەحاڵێك دایەکەرێبەرانی سوسیالیزمی زانستی وەك مارکس , ئینگلس و لنین هەموو کات ئەو ئەسڵەیان دەست نیشان کردووە کە گەیشتن بە سوسیالیزم لە رێگایەکەوە جگە لە دیمۆکراسی , خەیاڵی خاوە .

ئەندامان ولایەنگرانی یەکێتی‌مان دەبێ هەر لە ئێستاوە بە گیان و هەستی دیمۆکراتیکەوە پەروەردە بکرێن و رێگا بە هیچ جۆرە بۆچوونێکی چەوتی غەیرە دیمۆکراتیك بە ناوی سوسیالیزمەوە نەدەن.دیکتاتۆرییەت لە ژێر هەر لەوایەك دابێ لە پێش هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ دا بەرژەوەندی چینی کرێکار دەخاتە مەترسی‌یەوە . یەکێتی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان دەبێ ئەوەها رێکخراوێك بێ کە لە هەموو کات و ساتێك دا دوژمنی سەرەکی و ماندوویی نەناسی هەر چەشنە دیکاتۆرییەت لە وڵات دا بێ .

## رووخانی کۆماری ئیسلامی بناغەی خەبات لە

## پێناوی دیمۆکراسی دایە

*******************************************

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە 12 ساڵە دەسەڵاتی بە سەر ئێران دا سەپاندوە، ڕێژیمێکی کۆنەپەرەستی دژی گەلی‌یە . تەمەنی پر لە شوورەیی ئەم ڕێژیمە بە باشی سەلماندوویە کە لە گەڵ هەر چەشنە ئازادی‌یەك , ئازادی سیاسی , کۆمەلاّیەتی , هونەری , فەرهەنگی و... دژایەتی لە ئاشتی نەهاتووی‌هەیە . لە سایەی ئەم ڕێژیمە دژی گەلی‌یەوە ئابووری ولاّت بە دەیان ساڵ لە کاروانی پێشکەوتنی ولاّتان بەجیّ ماوە و کەلێنی نێوان هەژاران و سەرمایەداران نەك هەر لە چاو ڕێژیمی پاشایەتی کەم نەبۆتەوە بەڵکوو زۆر زیاتر بووە . لە کاتێك دا کە هەژاری و نەداری لە ئێران دا بێداد دەکا , سوودی سەرمایەی توجاری و بورکراتی سەر لە میلیاردها تمەن دەدات.بە کورتی ئاسەواریّ لە عەداڵەتی کۆمەلاّیەتی بە دی ناکریّ . ئێران وەك ولاّتێکی فرەنەتەوەیی جگە لە نەتەوەی فارس، بەندیخانەیە بۆ نەتەوە ژێر ستەمەکانی کورد , بەلووچ , تورك ، عەرەب وتورکمەن. ئەونەتەوە زوڵم لێکراوانە کە بەشی زۆری دانیشتووانی ئێران پێك دێنن لە چووکترین مافەکانی ژیانی میللی بیّبەشن و هەر چەشنە هەوڵ و تەقالایەك لە پێناو وەدەست هێنانی مافە نەتەوایەتی‌یەکانیان بە توندی و بیّ ڕەحمانە لە لایەن ڕێژیمەوە سەرکوت دەکریّ . ئەوا پتر لە دە ساڵە ئەو ڕێژیمە دژی گەلی یە شەڕێکی قورس و خوێناوی بیّپسانەوەی‌بە سەر گەلی کورددا سەپاندووە . تەنیا لە بەر ئەوەی گەلەکەمان ئازایانە داوای مافی سەربەستی نەتەوایەتی دەکا.

ژنان لە ئێران دا مافە سەرەتایی یەکانی ژیانیان لیّ زەوت کراوە و لە ئاخر و ئۆخری سەدەی بیستەم دا وەك سەدەکانی نێوەنجی ڕەفتاریان لە گەڵ دەکریّ .

لە ئاکامی سیاسەتی ناردنە دەرێی "شۆڕش" لە لایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە گەلانی ئێران و عێراق شەڕێکی ماڵ وێرانکەریان بە سەردا سەپا کە نزیکەی 8

**ساڵی خایاند . ئەو شەڕە دڕندانەیە بووە هۆی کوژران و بریندار بوونی پتر لە سەدان هەزار کەس لە لایەنی ئێران و خەسارەتی ماڵی زیاتر لە سەدان میلیارد دولار . چەند ساڵ دوای راوەستانی شەڕ و قەبووڵی بڕیارنامەی 598ی شۆرای‌ئەمنییەت لە هەر دوو لاوە , دیسان بە هۆی سیاسەتی ئاژاوەگێڕانەی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئاسۆی گەیشتن بە سوڵح و ئاشتی روون نیە.**

**رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە درێژەی سیاسەتی تیرۆریستی خۆیدا بە کوشت و بڕی نێوخۆیی وڵات وپڕ کردنی بەندیخانەکان ئۆقرەی‌نەگرت و لە چەند ساڵی رابردوودا پەلاماری تیرۆریستانەی دژی شۆڕشگێڕانی ئێران لە دەرەوەی وڵات توند و تیژ کردەوە کە لە ئاکامدا چەندین رۆڵەی تێکۆشەری کورد و ئێرانی وەبەر هاتوون و شەهید کران . جێی خۆیەتی لێرەدا یادی گەورە پیاوی کورد دوکتور "عبدالرحمن قاسملو" بکەینەوە کە لە وییەن پێتەختی ئۆتریش بە دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید کرا .**

**ئەمانەو چەندەها نموونەی دیکە بە راشکاوی نیشان دەدات کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی کۆسپی سەرەکی سەر رێی گەیشتن بە ئازادی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و ئاسایش و هێمنی لە وڵات دایە . لە ماهییەتی ئەو رێژیمەدا نیە کە هیچ چەشنە دیمۆکراتی یەتێك لە وڵات دا دامەزرێنێ . گەیشتن بە ئازادیو دیمۆکراسی بە بێ رووخانی کۆماری ئیسلامی خەیاڵی خاوە . ئەوانەی کە لەم هەل و مەرجەدا بە لاسایی کردنەوەی ئاڵ وگۆڕە نێونەتەوەیی‌یەکان دروشمی هەڵبژاردنی ئازاد دەدەن نەك هەر بە باشی لە ناوەرۆکی دژ بە ئازادی رێژیم نەگەیشتوون , بەڵکوو بە بڵاوکردنەوەی دردونگی لە سەر ماهییەتی رێژیم، راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ بە دەسەڵاتدارانی حاکم بە سەر ئێراندا خزمەت دەکەن . بە بڕوای یەکێتی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان رووخانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی دەبێ درووشمی سەرەکی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلانی ئێران بێت .**

## پێكهێنانی بەرەیەكی
## دیموكراتی– نیشتمانیپێشكەوتنخواز
**************************

چاوخشاندنێكی سەرەتایی بە سەر پتر لە دە ساڵ ململانێ نێوان رێژیمی كۆنەپەرستی كۆماری ئیسلامی و هێزەكانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی , دەست نیشانی دەكا كە مان و درێژەی دەسەڵاتی ئاخووندەكان نەك لە هێز و توانا و لایەنگری كۆمەڵانی خەڵك لەم رێژیمە, بەڵكوو لە كزی و پرش و بڵاوبوونی هێزە شۆڕشگێڕ, دیموكرات و پێشكەوتنخوازەكانەوە سەرچاوە دەگرێ . كۆماری ئیسلامی تا ئیستا نەك هەر نەیتوانیوە سەقامگیر بێ بەڵكوو بە چەند جار هەل و مەرجی رووخانی بە چاكی پێكهاتووە كە بە داخەوە هیچ هێزێك پێی نەكراوە لەو دەرفەتە كەڵك وەرگرێ و بە رێكخستنی نارەزایەتی كۆمەڵانی خەڵك بەرەو گرتنی دەسەڵات بە دەستەوە هەنگاو بنێ . لە هەڵ و مەرجێكدا كە :

یەكەم – كۆماری ئیسلامی وەك رێژیمێكی دیكتاتوری نەیتوانیوە سەقامگیر بێ و لە ناو كۆمەڵانی خەڵك دا بە گشتی جێ پێیەكی نیە و دەگەڵ رەوەتی پێشكەوتنی جیهانی لە ناكۆكی دایە ،

دووهەم – بەدیلێك بۆ جێگری رێژیم بە دیناكرێ و هیچ هێزێكی ئۆپۆزیسیۆن بە تەنیایی ناتوانی ئەركی رووخانی كۆماری ئیسلامی بە جیبێنێ . پێك هێنانی بەرەیەكی دیمۆكراتیك – نیشتمانی پێشكەوتنخواز لە نێوان ئەو هێزە شۆڕشگێڕ و دێمۆكراتانەی كە رێژیمی پاشایەتی و كۆماری ئیسلامی رەت دەكەنەوە و بۆ پێك هێنانی حكومەتێكی دیمۆكراتیك هەوڵ دەدەن , پێویستییەكیمێژوویییە . دیارە لە نێو ئۆپۆزیسیۆن دا كەم هێز و كەسایەتی سیاسی دەبینرێن كە لانی كەم لە قسەدا پێویستی پێك هێنانی بەرە رەت بكەنەوە . بەڵام بە داخەوە تا ئێستا هەنگاوێكی جیددی و بەرچاو بە كردەوە هەڵ نەگیراوە و وا وێ دەچێ كە لە داهاتووی نیزیكیش دا بە زۆر هۆی جۆراوجۆرەوە سەركەوتنێك لەم بوارەدا بەدی نەكرێ . بەو حاڵەشەوە هەوڵ دان لەم رێگایەدا ئەركێكی سیاسی پێشكەوتنخوازانەیە كە ئێمە لە هەر هەنگاوێكی جیددی و دیمۆكراتیك لەم بوارەدا پێشوازی و پشتیوانی دەكەین .

## مافی دیاری کردنی چارەنووس

## درووشمی سەرەکی مان

*************************

گەلی کورد لە ئێران بە درێژایی نیو سەدە خەباتێکی بەردەوام و بیٚپسانەوەی بە شێوەی جۆراوجۆر بۆ وەدەست هێنانی مافە ڕەواکانی دەست داوەتیٚ و لەو ماوەیەدا چەند هەلْس و کەوتی گەورەی بە سەردا هاتووە . کۆماری مهاباد کە بۆ یەکەمین جار کوردی لە هەیئەتی دەوڵەت دا ڕێك خست، سەرەرای تەمەنی کورتی وەك گەورەترین سەرکەوتن لە مێژووی کوردا بە شانازییەوە باس دەکریٚ . دوابەدوای شکانی کۆماری مهاباد بۆ ماوەیەکی کورت خەباتی گەلەکەمان تووشی پاشەکشیٚ بوو .بەلاٚم جارێکی دیکە بە کەلْك وەرگرتن لە بارودۆخی ئەوسای ئێران لە ژێر درووشم و ڕێبازێکی دیکەدا هاتەوە مەیدان . ساڵەکانی دوای کودەتای ساڵی 1332 گەورەترین و درێژخایەنترین شکانی بۆ گەلی کورد بە دواوە بوو . هەولٚ وتەقەلای رۆڵە خەباتکارەکانی گەلەکەمان بۆ هەڵگیرسانی ئاگری خەباتێکی چەکداری بەربلاٚو لە ساڵەکانی 46-47 کە لە لایەن کومیتەی ئینقلابی حیزبی دیموٚکراتەوە بەرێوە دەچوو هەرچەندە شوێنەوارێکی باشی لە دڵی کۆمەلاٚنی خەڵکی کوردستان دا بە جیٚ هێشت بەلاٚم بە داخەوە لە گەلٚ ناکامی بەرەوروو بوو . شۆرشی گەلانی ئێران لە ساڵەکانی 56-57 دەرفەتێکی باشی بۆ گەلی کورد رەخساند تاکوو بە شێوەیەکی ڕێکخراو و بە بەشداری کۆمەلاٚنی خەڵك سەر لە نویٚ خەباتی لە ڕێگای ئازادی کوردستان دا درێژە پیٚبدات .

گەلی کورد وێرای گەلانی دیکەی ئێران ئازایانە بۆ رووخانی ڕێژیمی پاشایەتی هاتە گۆڕەپانی خەباتەوە . بەلاٚم هەر لە سەرەتاوە روون و ئاشکرا بوو کە شۆڕش لە کوردستان رەنگ و بۆیەکی دیکەی هەیە و هاوکات لە گەلٚ بەشداربوونی چالاکانە لە شۆڕشێکی گشتی بۆ رووخانی ڕێژیمی پاشایەتی , ویست ومەبەست ودرووشمی خۆی رەچاوگرتووە. هەر بۆیەش شۆڕشی کورد رەنگی مەزهەبی و ڕێبەری دینی و و درووشمی دامەزرانی دەسەلاٚتی ئیسلامی

به خۆیەوە نەگرت و بە دروستی وەك مەسەلەیەکی بێگانە لە گەڵ ئامانجەکانی، بە توندی لە خۆی دوور خستەوە . لە راستیدا خەباتی ئازادیخوازانەی کورد لە ئێران ئاکامی شۆڕشی سەرانسەری ئێران نەبوو , بەڵکوو شۆڕشی 56–57 لە ئێران دەرفەتێکی باشی بۆ گەلەکەمان رەخساند تاکوو جارێکی دیکە بە کەڵك وەرگرتن لە هەل و مەرجی سیاسی , خۆی کۆ بکاتەوە ، هێزی لە بڕان نەهاتووی کۆمەڵانی خەڵك وەگەڕ بخا و دوای ئامانجە لە مێژینەکانی بکەوێ .هەر بۆیەش دوژمنی دژی گەلی لە یەکەم بەهاری ئازادیدا هەڵیکوتایە سەرمان و ئەوا 12 ساڵە شەڕێکی خوێناوی و بەردەوامی بە سەر گەلی کورددا سەپاندووە . 12 ساڵ تەمەنی بێپسانەوەی خەباتی چەکداری گەلی کورد بۆ هەموو لایەکی دەست نیشان کردووە کە بە بێ وەدەست هێنانی مافە رەوا و زەوت کراوەکانی بۆ کات و ساتێکیش بووە دەست لە شۆڕش هەڵ ناگرێ و بەردەوامە لە سەر درێژە پێدانی .

یەکێتی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان بە لێکۆڵینەوە و سەرنج دانە سەر مێژووی هاوچەرخی گەلی کورد لە ئێران، بە هەڵدان و شکانییەوە لە سەر چەند خاڵی سەرەکی پێدادەگرێ :

یەکەم – بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە ئێران ئەبێ هەڵگری دروشمی مافی دیاری کردنی چارەنووس بێت . کورد وەك هەر نەتەوەیەکی ژێر ستەمی میللی، سەرەکی ترین مافی زەوت کراوی، مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆیەتی و زۆریش رەوایە لە پێش هەموو شتێك دا داوای ئەو مافە رەوایە بکات . مافی چارەنووس لە بنەرەت دا بە مانای مافی پێك هێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی نیشتمانی یە . هەروەك لنین دەنووسێ : "ئەگەر بمانەوێ لە مانای مافی میللەتان بۆ دیاری کردنی چارەنووس تێبگەین و لە هەمان کات دا خۆمان بە لێك دانەوەی قەزایی نەبەستینەوە و لێك دانەوەی مجرد دانەتاشین بەڵکوو هەلُ و مەرجی مێژوویی– ئابووری بزووتنەوە میللیەکان بخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە, ئەو کات بەو ئەنجامە دەگەین کە مەبەست لە مافی میللەتان بۆ دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان یانی مافی ئەوان بۆ

جیابوونەوە لە کۆمەڵی میللەتانی غەیرە خۆی و پێك هێنانی دەوڵەتی میللی سەربەخۆ ." (لنین – لە بابەت مافی میللەتان بۆ دیاری کردنی چارەنووس)

دیارە لە مێژووی گەلان دا ئێمە شێوەی جۆراوجۆری کەڵك وەرگرتن لەو مافە رەوایە بە دی دەکەین . لەوانە پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ , چارەسەری بە شێوەی فیدرالی و هەروەها خودموختاری لە چوارچێوەی ولأتێکی چەند نەتەوەیی‌دا . هەڵبژاردنی هەرکام لەم شێوانە دەگەڕێتەوە بۆ هەلسەنگاندنی پارسەنگی هێزەکان (تعادل قوا) . **بە بڕوای ئێمە لە بارودۆخی ئیمڕۆی ئێراندا باشترین رێگا چارەسەری مەسەلەی کورد و نەتەوە ژێر ستەمەکانی دیکە لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیك دا، رێگا چارەسەری فیدرالیە** . بەم جۆرە گەلی کوردمان هەست بەوە دەکات کە بە سەر چارەنووسی خۆیدا زاڵە و بە خۆشی و ئارەزووی خۆی ژیانێکی سەرفرازانە لە گەلْ نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا هەڵدەبژێریْ .

دووهەم – خەباتی رزگاریخوازانەمان خەباتێکی درێژخایەنە کە قورسایی سەرەکی درێژەی خەبات لە سەر شانی کۆمەلأنی زەحمەتکێش و چەوساوەی کوردە . چەوساوان و هەژارانی کورد دەبیْ لە سەرکەوتنی شۆڕشی خۆیان دا جیا لە رزگاری نەتەوایەتی , بەرژەوەندی چینایەتی و دابین کردنی دیموکراسی وەدی بکەن .واتە دامەزرانی عەداڵەتی کۆمەلأیەتی دەبیْ لە ئامانجەکەکانی خەبات دا خۆی نیشان بدات . بە کورتی خەباتی گەلی کورد میللی – دیموکراتیکە کە باری چینایەتیشی بە خۆیەوە گرتووە .

**سێهەم – پێك هێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی کوردستانی لە ئێران پێویستی‌یەکی مێژوویی‌یە** . گەلی کورد لە ئێران هەر وەك هەموو بزووتنەوەیەکی سیاسی لە جیهاندا , هێز و تاقمی سیاسی بە بیر و بۆچوونی ئیدئۆلۆژیك – سیاسی تایبەت و جیاوازەوە هەیە . ئەوە لە کاری سیاسی‌دا شتێکی رەوا و ئاسایی‌یە . ئەوەی کە ناڕەوایە ئەوەیە کە هێزە سیاسی‌یە کوردستانی‌یەکانی ئێران کە بەرژەوەندی هاوبەشیان لە ئازادی کوردستان و بزووتنەوە رزگاریخوازەکەی‌دا هەیە , نەتوانن لە سەر رێبازێکی ستراتیژیك بۆ

وەدەست هێنانی مافە زەوت کراوەکانی گەلی کورد رێك بکەون و خۆیان لە بەرەیەکی بەرفراوان دا ببیننەوە . بۆ ئێمە وەك کورد لە ئێران بە هەموو هێز و تاقم ودەستەیەکی‌سیاسی شۆڕشگێڕ و دیموکرات و پێشکەوتنخوازەوە , یەکخستنی ریزەکانی خەباتمان لە پێش هەموو پێویستی یەکی سیاسی دیکەوەیە . دەبێ لە ئەزموونەکانی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلان بە باشی کەڵك وەربگرین و لە کاری سیاسی ماندا رەچاویان بکەین . بە بڕوای من یەکێتی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان لەم بوارەدا ئەرکێکی قورسی بە ئەستۆوەیە ,ئەرکی هەوڵ دانی چالاکانە بۆ ئەوەی لە لایەکەوە پێویستنی رێك کەوتنی ستراتیژیك لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستانی ئێران شی بکاتەوە .لە لایەکی دیکەوە لە باری سیاسی یەوە مەوداوکەلێنی نێوان ریزەکانی خەباتمان تا رادەی گونجاو کەم بکاتەوە و زەمینە خۆش کەری رێگای رێککەوتنی ستراتیژیك بێت . دیارە نابێ پێمان وابێ کە گەیشتن بەم مەبەستە پیرۆزە کارێکی سەهل و ئاسانە , بە پێچەوانەوە زۆر ئاڵۆزی سیاسی لەم رێگایەدا خۆدەنوێنێ کە تەنیا بە پشوو درێژی و فیداکاری بە ئەنجام دەگات .

چوارەم — لە رووی نێونەتەوەیی‌یەوە خەباتی رزگاریخوازی کورد, ئەبێ سیاسەتێکی دیپلۆماتیکی روون و ئاشکرای هەبێ . ئیمرۆ هەل و مەرجی سیاسی جیهانی بە جۆرێکە کە زیاتر لە جاران مەسائلی نێوخۆیی و نێونەتەوەیی پێکەوە گرێ دراون و زیاتریش لە جاران رۆڵی رێکخراوە نێونەتەوەیی یەکان لە کێشەی جیهانی لەم لا و ئەولادا دەبیندرێ . ئەم بارودۆخە سیاسی یە لەجیهان دا دەرفەتی باشی بۆ گەلانی ژێرستەم رەخساندووە بۆ هێنانەگۆڕێی داخوازەکانیان . دیارە یەکێ لە مەرجەکانی کەڵك وەرگرتن لە هەر هەل و مەرجێکی سیاسی، ئەگەڕێتەوە بۆ وشیاری و ئامادەیی سیاسی هێزە خەباتگێڕەکان . لەم بوارەدا دوو خاڵی سەرەکی و گرینگ دەبێ دەست نیشان بکرێ :

یەکەم–خەباتی‌رزگاریخوازی‌گەلی‌کورددەبی‌سەرنجی‌هەمووئەحزاب ، رێکخراوە نێونەتەوەیی یەکان و دەوڵەتان لە ئاستی جیهانی‌دا بۆ لای کێشەی رەوای کورد رابکێشێ  بە بێ سەرنج دانە سەر ناوەرۆکی چینایەتی – سیاسییان (غەیری دەوڵەتانی رەگەز پەرەست).

دووهەم – بۆ ئەم مەبەستە پێویستە کە چوارچێوەی ستراتیژی‌یەکی سیاسی هاوبەشی کوردستانی بە گشتی دیاری بکرێ و شکڵ و شێوەی رێکخراویشی پێ بدرێ . ئێمە لە هەر هەنگاوێ کە لەم بوارەدا هەڵ بگیرێ پێشوازی دەکەین.

## خەباتی چەکداری شێوەی سەرەکی خەبات

***********************************

لە راگەیەندراوی پێك هێنانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان دا هاتووە کە "بە بڕوای یەکێتی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان شێوەی ئەسڵی خەبات بۆ رووخانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی خەباتی چەکداری شۆڕشگێڕانەیە ."پێ‌داگرتنی ئێمە لە سەر خەباتی چەکداری بە مانای ئەوەنیە کە ئێمە عاشقی شەڕ و کاری چەکدارین , بەڵکوو بە لێکدانەوەی سیاسی ئەمەمان دەست نیشان کردووە . هەڵبژاردنی شێوەی خەبات هەر وەك داڕشتنی ستراتیژی و تاکتیك , یاسا و تایبەتمەندی خۆی هەیە کە لە بنەڕەت دا لە هەل و مەرجی عەینی و زەینی وڵات سەرچاوە دەگرێ . لە راستی‌دا هەڵبژاردنی شێوەی سەرەکی خەبات دەگەڕێتەوە بۆ لێکدانەوەی ئەم خاڵانەی خوارەوە :

ئەلف – ناوەڕۆکی رێژیمی زاڵ بە سەر وڵات دا و شێوەی رەفتاری ئەو لە گەڵ ئۆپۆزیسیۆن دا .

ب – رادەی ئامادەیی کۆمەڵانی خەڵك بۆ کەڵك وەرگرتن و پێشوازی هەرکام لە شێوەکانی خەبات .

ج – رابردوو و سوننەتی خەباتکارانە لە وڵات دا .

د – رادەی ئامادەیی هێزە شۆڕشگێڕەکان بۆ بەرهەڵستی رێژیم .

هـ – چۆنیەتی باری چینایەتی و ئابووری کۆمەڵ و رۆڵی هەر کام لە چین و توێژەکان لە خەبات دا و چەند شتی‌تر....

سەرنج دانە سەر هەر کام لەو خاڵانە وهەروەها لێکدانەوەیەکی گشتی لە سەریان , بە باشی دەری دەخات کە لە ئیمڕۆی ئێران و کوردستانی ئێران دا خەباتی چەکداری تەوەری سەرەکی هەموو شێوەکانی خەباتە و ئەزموونیش ئەوەی بۆ سەلماندووین . گرینگی دەست نیشان کردنی ئەم راستی یە بە تایبەت لەوە دایە کە بە داخەوە هێندێ لە هێز و تاقمە سیاسی یەکانی کوردستان لە نێوخۆوە و بە تایبەت لە دەرەوەی وڵات گرینگی خەباتی چەکداری یان خستۆتە ژێر پرسیارەوە و بەدیلی "کاری تەشکیلاتی"یان بۆ هێناوەتە گۆڕێ . با ئەوەش بمێنێ بۆ کاتێکی‌تر کە ئاخۆ چۆن لە کاری تەشکیلاتی حاڵین ؟

با ئەوەش بڵێین کە بە بڕوای ئێمە بە کارهێنانی شێوەکانی دیکەی خەبات وەك مانگرتن , خۆپیشاندان , دروشم نووسین و تەبلیغات و ... هیچ ناکۆکی یەکی لە گەڵ کاری چەکداری نیە بەڵکوو بە پێچەوانەوە تەواوکەریەتی .

خەباتی چەکداری لە قەوارەی هێزی پێشمەرگەدا خۆ دەنوێنێ و بەرەوێوە دەچێ . دەبێ بۆ گەشە و پەرەئەستاندنی , ئاسۆی ستراتیژیکمان هەبێ . لە پێوەندی لە گەڵ ئەمەشدا دوو خاڵی گرینگ دەبێ بخرێتە بەر باس و سەرنجدان :

ئەلف – هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ناوەرۆك دا هێزێکی دیمۆکراتیکە کە بۆ وەدەست هێنانی‌مافی‌دیاری کردنی چارەنووس و دامەزراندنی دیمۆکراسی لە ئێران دا تێدەکۆشێ . لە کاتی گەشە و پێشڕەوی و پێك هاتنی بەرەی کوردستانی، دەکرێ و دەبێ لە ژێر فەرماندەهی واحیددا رێك بخرێ و سازمان بدرێ .

ب – ئیمرۆ هێزی پێشمەرگە بە دروستی بەشداری شەڕی چەکداری بە شێوەی پارتیزانییە . لە هەل و مەرجی سەرکەوتنی خەبات دا هێزی

پێشمەرگە دەبێ وەك هێزێکی چەکداری منظم و بە دیسیپلین سازمان بدرێ،تاکوو بتوانێ لە دەسکەوتەکانی خەبات پارێزگاری بکا.

*********

ئەمن لەم نووسراوەدا ویستم زۆر بە کورتی پێویستی پێك هاتنی یەکێتی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان و هێندێ خاڵی بنەڕەتی ڕێبازی سیاسی‌مان بخەمە بەر باس و لێکۆڵینەوە . دیارە بڕوامان وانیە کە دەتوانین بە هەموو مەسەلە گرینگەکانی خەباتی رزگاریخوازی کورد وەلاّمی راست و دروست بدەینەوە . هەروەها هێشتا زۆر مەسەلەی دیکەی سیاسیمان لە سەر رێیە کە لە داهاتوودا دەبێ بیان خەینە بەر باس . هیوای یەکێتی‌مان ئەوەیە کە ئەو شۆڕشگێڕە کوردانەی کە بیر لە رێکخراوێکی‌کوردستانی دەکەنەوە , بێنە مەیدان دەست لە ناو دەستی یەك قەوارەی ئیدئۆلۆژیك – سیاسی – تەشکیلاتی , رێکخراوێکی ئاوا کە تا ئێستا هەر بناغەکەی ساز کراوە, بە تەواوی دابرێژین و لە کۆبوونەوەی گشتی ئاخروئۆخری ئەمساڵ دا ئاکامەکەی ببینین .

به هیوای ئەوەی کە هەموو کوردێکی شۆڕشگێڕ لە کوردستانی ئێران یەکێتی‌شۆرشگێرانی‌کوردستان بە رێکخراوی خۆی بزانێ و جێ‌خۆی تیادا ببینێتەوە .

**سعید یزدان پناه**

1370/3/14

(1) ساڵی 1380 (2001) وشەی "گەلی" لە ناوی یەکێتی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان هەڵگیرا.

# ئێمە و هێزە سیاسیەکانی ئێرانی و کوردستانی

بۆ یەکێتی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان وەك هێزێکی کورستانی زۆر پێویستە هەڵوێستێکی روون و زانسیانەی هەبێ سەبارەت بە هێزە سیاسیەکان و هەموو ئەو مەسایلە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یانەی کە پێوەندی بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمانەوە هەیە. ئەم نووسراوەش کە یەکەم هەنگاوە لەم پێوەندی‌یەدا، بۆ نێو خۆی رێکخراوە شۆڕشگێڕەکەمان، هاتووەتە سەر کاغەز.

پێش ئەوەی راستەوخۆ بچمە سەر باسی رێکخراوە ئێرانی و کوردستانیەکان چەند ئەسڵی گرینگی سیاسی وەك رەهنومای دیاری‌کردنی هەلویستی سیاسیمان خراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. دیارە هەوڵم داوە تا ئەو جێگایەی دەکرێ نوسراوە کە کورت و موختسەر بێت، ئیتر شیکردنەوە ی باسەکان ئەرکی سەرشانی هاورێیانی بەشی ئاموزشی‌یە.

**چەند ئەسڵی گرینگی سیاسیی:**

1- معیاری سەرەکی ئێمە وەك هێزێکی کوردستانی، بۆ دیاری کردنی دوستان و دوژمنانی گەلەکەمان، چونیەتی هەڵوێست گرتن سەبارەت بە ئامانجی ئەسڵی یەکیەتیمان واتە "وە دەس هێنانی مافی دیاری کردنی چارە نووس" بۆ گەلی کوردمانە. بەواتایەکی تر لە روی سیاسیەوە ئێمە دۆستان و دوژمنانی گەلی کورد لەگەڵ ئەم معیارە سەرەکی‌یەدا هەڵدەسەنگێنین.

بێ وچان دەبێ هەوڵ بدەین لە ئاستی ناوچەیی و جیهانی دا، سەرنجی هەموو کۆڕ و کۆمەڵێك بۆ پشتیوانی کردن لەم ئامانجە رابکێشین. هێندێ تاقم و رێکخراوی سیاسی بە ناوی مارکسیزمەوە بۆچوونێکی زۆر چەوتیان لەسەر ئەم مەسەلە هەیە. بە باوەڕی ئەوان چینی کرێکاری کورد دەبێ هەڵۆیستی خۆی بە پێی بەرژەوەندی و قازانجی کرێکارانی جیهان دیاری بکات. بۆ وێنە کرێکارانی کورد دەبێ چاوەرێ بکەن، بزانن ئاخۆ کرێکارانی فەرانسەوی سەبارەت بە فلان مەوزووعی سیاسی هەلویستیان چیە، جا ئەوکات ئەوانیش بێ ئەم لاوئەولا دەبێ هەر ئەو هەلویستە رەچاو بگرن. ناوی ئەم ئوسلوبە هەلویست گرتنەش دەنێن"ئەنتر ناسیونالیزی پرولیتری"!

2- سەبارەت بە هێزەسیاسییەکان و لێکۆڵینەوەیان، دەبێ میتۆدی کۆن و مەکتەبی بە یەك جاری وەکو ئوسلوبێکی کۆن لە لێکدانەوەدا، وەلابنرێ. یانی لێکدانەوە و هەلسەنگاندنی هێزی سیاسی دەبێ لە رووی سیاسی و رێبازو دروشمەکان، هەروەها چۆنیەتی پراتیك و رۆڵی لە بزوتنەوەدا بە گشتی دیاری بکرێت، نەوەك داتاشینی دەس بەجێی تەعەلوقی چینایەتی. دەبێ ئەوەمان زۆر بە باشی لێ روون بێت کە پێوەندی هێزی سیاسی دەگەل چینە کومەلایەتیەکان راستەوخۆ و یەك دابە دوو نیە، بەڵکو زۆر پیچیدە و موتەناقزە. هەروەها ئەو بۆچوونە چەوتە پێوایە کە هەر هێزێکی سیاسی نوێنەری چینێکە لە کۆمەڵدا. ئەگەر بێت و ئەوە بسەلمێنین دەبێ قەبووڵی بکەین، ئەگەر سەد رێکخراوی سیاسی لە کۆمەلێکدا هەبێ، ئەوا سەد چینی کۆمەلایەتیش هەیە!!بەتایبەت لە وڵاتانی دووا کەوتوودا کە بە تەواوی پولاریزە نەبوون، پێوەندی نێوان ئەحزاب و چینەکان زۆر ئاڵۆز و ناراستە و خۆیە.

3- پێك هێنانی بەرەی کوردستانی دەبێ وەکو دروشم و ئامانجێکی ستراتژیك چاوی لێ بکرێت و هەر بەو پێیەش نرخی بۆ دابنرێت. لەم پێوەندیەدا دوو شت زۆر گرینگە: یەکەم ئەوەی کە بناغەی ئەو بەرەیە دەبێ لەسەر وەدەس هێنانی مافی دیاری کردنی چارەنووس و دابین کردنی ئازادی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی لە کوردستانی رزگار کراودا دابنرێت. لە سەر دیاری کردنی شێوەی موشەخەسی مافی چارە نووس، بەرەی کوردستانی دەتوانێ بە پێی پارسەنگی هێزەگان (تعادا قوا) گەڵاڵەی تایبەتی دابرێژێت.

دوهەم، دیاری کردنی ئەو هێز و رێکخراو و کەسایەتی‌یانەی کە دەبێ پێکهێنەری بەرەی کوردستانی بن. دیارە رێکخراو و کەسایەتی‌یەکان دەبێ شۆڕشگێر و پێشکەوتنخوازبن،نەوەك هەر کەس و تاقمێ کە لافی کوردایەتی لێ بدا و بۆ وێنە بیهەوێ حکومەتی ئیسلامی کوردیمان بۆ دابمەزرێنێ. ئەوانەی کە دەبێ پێك هێنەری بەرەی کوردستانی بن، بریتین لە:

1– حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران 2– یەکیەتی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان 3– کۆمەڵە 4– ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ 5– پارتی سەربەخۆیی کوردستان 6– شەخسیەتە سیاسیەکان وەکوو مامۆستا شێخ عزالدین حسینی و سارمی صادق وزیری. هێندێ ڕێکخراوو تاقمی دیکەش هەن کە تا ئێستا نەیانتوانیوە وەکو ڕێکخراوی سیاسی خۆنیشان بدەن، ئەوانیش ئەگەر وەخۆبێن وەهەڵسووڕانی سیاسیان هەبێ، دەبێ لەم پێوەندیەدا لە بەر چاو بگیرێن.

دیارە لە سەر ڕێگای پێك هاتنی بەرەی کوردستانی زۆر مانیعی گەورەی سیاسی بەدی دەکرێ کە لە بنەرەت دا دە گەڕێتەوە بۆ ئیختلافات و ناکۆکی نێوخۆیی هێزە کوردستانیەکان.

یەکیەتیمان لەم پێوەندیەدا وەزعێکی زۆر حەساسی هەیە کە دەبێ زۆر بە دیقەت بیپارێزین.لە سەر ئەو مەسەلانەی کە بە راستی لایەنی سیاسی و ستراتژیکیان بۆ بزوتنەوەی کورد هەیە ناکرێ و ناتوانین خۆمان بێلایەن و "خنثی" بهێڵینەوە. هەروەها دەبێ ئەوەشمان لە بەر چاو بێت کە خۆمان تێکلاوی گێرە و کێشەی غەیری سیاسی نێوان ئەو ڕێکخراوانە نەکەین و ئیختلافاتی نێو خۆیی بزووتنەوەش توندوتیژ نەکەین، مەگەر ئەوانەی کە بۆ دوارۆژ و ئیستای شۆڕشی گەلەکەمان حەیاتی بن.

4– بزووتنەوەی کورد، جووڵانەوەیەکی رزگاریخوازانەیە بۆ وەدەس هێنانی مافی دیاری کردنی چارە نووس. ئەم بزووتنەوە بە گشتی ئامانج، ستراتژی و تاکتیك، شكڵ و شێوەی خەبات، دروشم، هێزی سیاسی و کۆمەلایەتی و هێزی هاندەری تایبەتیخۆیی هەیە کە بە راشکاوی دەگەڵ بزووتنەوەی سەرانسەری جیاوازی هەیە.

بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی لە کوردستانی ئێران بەشێکە لە جوولانەوەی گشتی گەلی دابەش کراوی کورد. سەرکەوتنی نیهائی بزووتنەوەی کورد بە گشتی لە کاتێك دا دەبێ کە کورد سەربەخۆیی وە دەس هێنابێ و دەوڵەتی تایبەتی خۆیی دابمەزرێنێ.

بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد بە گشتی بە شێکە لە بزووتنەوەی گەلانی جیهان بۆ گەیشتن بە رزگاری، دێموکراسی و سوسیالیزم.

لەم پێوەندیەدا دەبێ دەگەڵ بۆچوونێکی چەوت و لادەرانە کە دەڵێ **بزوتنەوەی کورد لە ئێران" جوزئێ لە بزوتنەوەی سەرانسەری ئێرانە"** مەرزبەندی بکەین. چوونکو هەمووکاتێك جوزء تابعێکە لە کول و ناتوانێ ناوەرۆك، شکل و رێبازی تایبەتی خۆیی هەبێت. لە حاڵێکدا بزووتنەوەی کورد تەنیا لە روخاندنی رژیمی کۆماری ئیسلامی و وەدی هێنانی دێموکراسی دەگەڵ بزوتنەوەی گشتی ئێرانی هاوسوو و هاوجیهەتە، دەنا ستراتژی، تاکتیك، ئامانج ، دروشم، هێزی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە روونی جیاوازی دەگەڵ بزووتنەوەی سەرانسەری ئێران هەیە. بۆ چوونی شۆڕشگێڕانە ئەوەیە کە دەڵێ، جوولانەوەی رزگاریخوازانەی کوردستانی ئێران بەشێکی سەرەکی لە بزووتنەوە گشتی گەلانی ئێران بۆ روخاندنی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی حکومەتێکی دێموکرتیکە.

**هێزە سیاسیە ئێرانیەکان:**

لە پێوەندی دەگەڵ هێزە سیاسیە ئێرانیەکان دا، ئێمە دوو مێعیاری سەرەکیمان هەیە بۆ هەلسەنگاندن و پێوەندی خۆمان پێ یانەوە. یەکەم، چۆنیەتی هەڵوێستی ئەوان لە سەر مەسەلەی رەوای گەلی کورد. دووهەم، چۆنیەتی هەڵوێستی ئەوان لە سەر کۆماری ئیسلامی و حکومەتی داهاتوی ئێران.

دەتوانین هێزە سیاسیە ئێرانیەکان بەگشتی بەم جۆرە دیاری بکەین:

ئەلف:سەڵتەنەت خوازەکان. ب: موجاهدینی خەڵك. ج: ئەو رێکخراوانەی کە خۆیان بەدێموکرات و کۆماری خواز لە قەڵەم دەدەن. د: رێکخراوە چەپیەکان. لە سەر ئەساسی ئەو دوو مێعیارەی کە پێشتر باسمان کرد، دەتوانین لێکدانەوە و چۆنیەتی پێوەندی یەکیەتیمان دەگەڵ هێزە ئێرانیەکان بە باشی روون بکەینەوە. لە ئەلفەوە دەس پێ دەکەین:

ئـەلف: سـەڵتەنەت خوازەكـان – سـەلتەنەت خوازەكـان ڕێكخراوێكـی یـەك گرتوویان نیە بەڵكوو تاقمی جۆراوجۆریان تێدا دەبیندرێ. تێیان دا هەیە كە بە تەواوی "شاوڵلاّیین" وەكوو علی ئەمینی و درفش كاویانی. هی واشیان تێدایە كـە خوازیـاری سـەڵتەنەتی مەشروتە و دێموكراتیكن!! وەخۆیـان بـە سوسیال ـ دێموكرات دەزانن هەروەك بختیار. كوڕەكەی شا، لـە نێوان ئـەم تەیفە سەڵتەنەت خوازە دا مانۆڕ دەدا و جارێ ئەم لا و كاتێ ئەولا دەگرێ. خسوسیەتی هاوبەشی تەیفی سەڵتەنەت خواز لە دژایەتی دەگەڵ دەسەلاّتی كۆمەلاّنی خـەڵك, واتـە دێموكراسـی راسـتەقینە، عەدالّـەتی كۆمەلاّیـەتی و روخانـدنی كۆمـاری ئیسـلامی لـە ڕێگـای راپـەڕینی خەڵكـەوە، دایـە وهتـد. سـەبارەت بـە گـەلی كـوردیش زۆر روون و ئاشـكرایە كـە بـە درێـژایی مێـژوو هێزەكانی لایەنگری سەڵتەنەت دژی میللەتی كورد و مافی رەوای لە دیاری كردنی چارە نووسی خویدا راوەستاون. سەڵتەنەت خوازەكان تەنانەت گەلی كورد وەكوو میللەتێكی سەربە خۆ(لە بابەت خوسوسیەتی نەتەوایەتی‌یەوە) بە رەسمی ناناسن. بەڵكوو هەر بە ئێرانی و فارسی دەزانن. لـە سـەر ئـەم بناغانـە ئێمـە سـەڵتەنەت خوازەكـان لـە بـەرەی دژ بـە جولاّنـەوەی دێموكرتی ئێران بـە گشتی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلەكەمان بەتایبەتی دادەنێین.

**ب: ڕێكخراوی موجاهیدینی خەڵكی ئێران:**

ڕێكخراوی موجاهیدین لە ساڵی 1344، لە لایەن محمدحیف نژاد، سەعید محسن....وە دامـەزراوە. لـەو سـەردەمەدا موجاهـدین جنـاحی چـەپی هێـزە مەزهەبیـەكانیان پێك دەهێنـا. سـێ خسوسـیەتی ئـەو سـەردەمەی موجاهـدین وەكوو ئەلف: تەعەلوق بە بەرەی هێزە دژی ئەمپریالیستی‌یەكان. ب: باوەڕ بە خەباتی چەكداری دژی دیكتاتۆری سەلتەنەتی. ج: باوەڕ بە نەوعێك عەدالّـەتی كۆمەلاّیەتی، ئەوانی لە ریزی هێزە پێشكەوتن خوازەكان دا دادەنا. دە ساڵ لـە تەمـەنی موجاهیـدین تێپـەڕ نـەببوو كـە گـەورەترین ئینشـعابی ئیـدئۆلۆژیك – سیاسی بە سەرهات. ئەو ئینشعابە كە بەداخەوە تێكلاّو بە كوشت و بڕی نـاو خۆیی بوو، موجاهیدینی بە تەواوەتی بەرە و كزی برد. بەشی زۆری ئەندامانی

موجاهـدین دوای جیابوونـەوە کـە، خۆیـان لـە بـەرەی جنـاحی مارکسیسـتیدا دەدیت. ئەو کەسانەی کە لە سەر بناغەی مەزهەبیی موجاهیدین هـەروا پێیان دادەگرت زۆر کەم و لاواز بوون. لە ئاخر و ئوخری تەمـەنی رژیمی سـەڵتەنەتی دا ئەوەی کە لە موجاهیدین مابوو، هەموو لە زیندانەکانی رژیمدا بوون. دوای رووخانی رژیمی سەڵتەنەتی و هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی، سـەرە رای ئـەوەی کـە بەراسـتی موجاهیـدین دەگـەڵ بزووتنەوەیـەکی خـەڵکی و رادیکـاڵ نەکـەوت و سیاسـەتی کـەج دار و مـەریز و موماشـات جویانـەی دەگـەڵ رژیـم رەچاو گرتبوو، بەڵام بەو حاڵەشەوە بە هۆی ئەوەوە کەلەکول دا خەتی دژایەتی دەگەڵ ئیرتجاع و لایەنگری لە دێموکراسی هەڵبژارد بوو، توانی ببی بە یەکێ لـە گـەورەترین هێزەسیاسـیەکانی ئێرانـی. سیاسـەتی موماشـات دەگـەڵ رژیـم نەیتوانی زۆر دەوامی هەبێ و سەردەمی رووبارووی ئاشکرا دەگەڵ دەسەڵاتی حاکم بە سورعەت نێزیك دەبووەوە. موجاهدین لـە سـەر ئەساسـی موحاسـەبەی چـەوتی پارسـەنگەی هێزەکـان چ لـە نێـو خـۆ و چ لـە دەرەوەی وڵات، سـتراتژی وەدەس گرتنـی دەسـەڵاتی سیاسـی لەکـەم خایـەن دا( کوتـاە مـدت) پـەیرەوی کرد، کـە هـەتا ئێسـتاش هـەر لـە سـەری دەروات و پـێی نەگەیشتووە. شـورای نیشتمانی بەرگریش کە ئێستا بووەتەشتێکی کارتۆنی، هـەر لـە سـەر بناغـەی ئەو ستراتژیە دامـەزرا. ناکامی موجاهیـدین لـە گەیشتن بـە ستراتژی رووخـانی رژیـم و وەدەس گرتنـی دەسـەڵاتی سیاسـی لـە ماوەیـەکی کـورت دا کـە هـەموو حیسـابەکانی ئـەوانی لـە سـەر کـۆك کـرا بـوو، بـالقوە دەبـووە هـۆی ئـاڵۆزی و بوحرانی نێو خۆیی. رێبەری موجاهدین بۆ پێش گرتن لـە وەزعێکـی ئـەوتۆ کـە چاوەروانی دەکرا، دژی حەملەیەکی نێو خۆیی بـە نـاوی" انقلاب ایـدئۆلۆژیك" سـاز کـرد. ئاکـامی" انقـلاب ایـدئۆلۆژیك" بـە کـورتی بـەم جۆرەبـوو: لـە بـاری ئیدئۆلۆژیکەوە: دامەزراندنی سیستمی "امامت" بە واتایەکی تر "ولایت فقیە" لـە نێـو ریزەکـانی موجاهـدین دا.لـە بـاری سیاسـیەوە : سـەقامگیر بـوونی" انحصـارطلبی" سیاسـی و پـاوان خـوازی شووینیسـتی کـە پراتیکـی سیاسـی موجاهـدینی بـە تـەواوی دژی دێموکراتیك کردووە. لە باری تەشکیلاتییەوە:

داسـەپاندنی سیسـتمی دیکـاتوری تاکـە کەسـی و فـەزای تێـروری فیکـری و سیاسی دژی – "مەسەلە دارەکان".

بـەکورتی " انقـلاب ایـدئۆلوژیك" نوختـە گـۆڕانێکی ئیـدئۆلوژیك سیاسـیی گـرینگ لـە ژیـانی موجاهـدین دا بـە ژمـار دێـت، کـە بـووەتی هـۆی تێپـەڕینی موجاهدین لە ریزی هێزە دێموکرات و شۆڕشگێڕەکان بەرە و ریزی هێـزی دژی دێموکراتیك و شووینیستەکان.

ئێسـتا بـە دوای " انقـلاب ایـدئۆلۆژیك" دا بـافتی موجاهـدین لـە سـێ 3 عونسوری سەرەکی پێك هاتووە. ئەلف: شۆوینیسمی پاوان خوازی ئێرانی. ب: ئیرتجاعی مەزهەبی. ج: سوسیالیزمی سەربازخانەییشێوە بەعسی.

رێکخراوی موجاهدین لەم ماوەدا بە راشکاوی ناوەڕۆکی دژی کوردانەشی نیشان داوە. لە سەر ئەم ئەساسە بە بڕوای ئێمە لە هەل ومەرجی ئێستا دا هـیچ هێزێکـی کوردسـتانی بـۆی نیـە پێوەنـدی دوسـتانەی دەگـەل موجاهـدین هـەبێ. پێوەندی دوستانە دەگەڵ موجاهدینی دژی کورد و کوردکوژ، تووی ناکۆکی و ئیختلافاتی نیو خۆیی لە بزووتنـەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا، دەچـێنێت. هـەر کـات پێویسـت بـوو بزووتنـەوەی کـورد دەگـەڵ موجاهیـدین پێوەنـدی هـەبێ و رێـك بکـەوێت، ئـەوا دەبـێ لەسـەر ئەساسـی بـە رەسمیـەت ناسـینی مـافی دیـاری کردنـی چـارە نـووس بـۆ گـەلی کـورد و هەڵسـەنگاندنی دەقیقـی پارسـەنگی هێزەکـان بێـت کـە لـە دوا رۆژدا یارمـەتی بـە داسـەپاندنی دیکتاتۆری موجاهدی نەدرێت.

ج: تەیفی رێکخراوە دێموکرات و کۆمار خوازەکان:

ئـەم تەیفـە لـە رێکخـراوە ئێرانیـەکان، زۆر ناهـەمگون، موتـەناقز و بەر بڵاون. خسوسـیەتی هاوبەشـی ئـەم جەریاناتـە لـەوەی دایـە کـە لـە لایەکـەوە کۆمـاری خوازان و لە لایەکی دیکەوە موخالیفی دروشمی روخاندنی کۆماری ئیسلامی ئێـــرانن. بـــەڵکو داواکـــاری ئـــاڵ و گـــۆڕی دێمـــوکراتیکی ئـــەوتو هـــەن کـــە کۆماریئیسـلامیش خـۆی وەکـو یـەکێ لـە پێـك هێنـەرانی ئـەو ئـاڵ و گـۆڕە دێموکراتیە بێتە گۆڕێ. دروشمی سەرەکی ئەوان لە هەل و مەرجی ئێستا دا لە

جێی روخاندنی کۆماری ئیسلامی، هەڵبژاردنی ئازادە. بە گشتی تەیفی ڕێکخراوە کۆماری خوازەکان بەشی هەرە ریفۆرمیستی بزووتنەوەی ئازادیخوای ئێران پێك دێنن. هەڵوێستی ڕێکخراوە کۆماری خوازەکان بە نیسبەت مەسەلەی کورد و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان یەك دەست نیە، بەڵکو جیاوازی زۆر کەیفی تێدایە. جناحی چەپی ئەو تەیفە لایەنگری لە داخوازی" خودمختاری" دەکەن و بەو نیسبەتە مافی ڕەوای گەلەکەمان بە ڕەسمیەت دەناسن. بەڵام جناحی راستی ئەو تەیفە تەنانەت " خودمختاری"ش بە داخوازێکی لاوەکی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی ئێران دا دەزانن. لە بەر ئەوە، مەگەر بە زۆر دەنا دان بە مافی زەوت کراوی گەلەکەماندا نانێن.

بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان دەبێ تێ بکۆشێ سەرنجی سەمپاتیانەی ئەو تەیفە لە ڕێکخراوە ئێرانییەکان بە گشتی بۆلای خەباتی حەق خوازانەی خۆی رابکێشێ وەتا ئەو جێگایەی کە دەکرێ بۆ ناساندنی زیاتری مەسەلەی کورد لەم ڕێکخروانە کەڵك وەربگرێ.

د. ڕێکخراوە چەپیەکان:

ئێمە ڕێکخرای چەپی بەوانە دادەنێین کە تا ئێستاکەش هەر لە سەر ڕێبازی مارکسیستی پێدادەگرن و بە زانستی رزگاری چینی کرێکاری دەژمێرن. ئەو ڕێکخراوانە بە داخەوە چەندایەتی‌یان (کمیت) گەلی زیاترە لە چوونایەتی‌یان(کیفیت).

ڕێکخراوە چەپیە ئێرانیەکان بە غەیری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران زۆر کز و لاواز و بێ دەسەڵاتن. هەر بەو هۆیەشەوە هەڵوێستەکانیان بە زۆری دوورە لە هەستی بەر پرسایەتی. سەرەکی ترین نوختە زەعفی ڕێکخراوە چەپیەکان بە گشتی لە مەکتەبی و فیرقەیی بوونیان دایە. بە واتایەکی تر کەمتر وەك ڕێکخراێکی سیاسی دەجووڵێنەوە. بەڵکوو هەر وەك فیرقەیەکی ئارمانخواز دێنە بەرچاو. ئەو ڕێکخراوانە تا ئێستاش بە دوای هەموو ئەزمونەکانی ئەم دواییانەی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی لە ئاستی جیهانی دا، نەیانتوانیوە لە

نێوان ئارمانخوازی ئیدئۆلۆژیك و ڕێبازی سیاسی كه به پێی هەل و مەرجی سیاسی، پارسەنگی هێزەكان و ئیمكاناتی واقیعی بۆ گۆڕان كاری دادەنرێ و مەسەلەی سەرەكی تێیدا، دەسەڵاتی سیاسی وەدەس گرتن و پاراستنی یەتی، پێوەندیەكی ئوسوڵی  پێك بێنن.

بەهەر حاڵ ڕێكخراوە چەپیەكان سەرەڕای هەستی شووینیستی‌یان، بە كردەوە بەرانبەر بەگەلی كورد، بە ڕەسمی مافی دیاری كردنی چارە نووسی گەلان بە دەستی خۆیان، دەسلمێنن. هەوەها خوازیاری رووخاندنی كۆماری ئیسلامی و هاتنە سەر كاری حكومەتێكی دێموكراتیكن. ئەم دوو مەسەلەیە دەتوانێ ببێتە بناغەی پێوەندی دۆستانەی كورد و ڕێكخراوە چەپیە ئێرانیەكان. یەكێتی شۆڕشگێڕانی گەلی كوردستان دەبێ تێ بكۆشێ بەرە بەرە دەگەڵ ئەو ڕێكخراوانە لە سەر ئەساسی حقوقی بەرابەر و ڕێزگرتنی دولایەنی(احترام متقابل) دوستایەتی دابمەزرێنێ. (هەڵبەت نابێ دڵی خۆمانی لێ خۆش بكەین و كیسەی بۆ هەڵدروین).

**ڕێكخراوە كوردستانیەكان:**

هەروەك لە پێشدا دەسنیشان كراوە، ئێمە چالاكانە بۆ پێك هێنانی بەرەی كوردستانی تێ دەكۆشین. ڕەچاوەگرتنی بە كردەوەی ئەم ئەركە پیرۆزە پێویستی بە دوو پێش شەرتی سیاسی هەیە:

یەكەم: گرتنی هەڵوێستی دۆستانە بەگشتی سەبارەت بە هەمو هێزە پێشكەوتنخوازەكانی كوردستانی . ئەوە دەبێ لە ڕەفتار و كرداری سیاسی ئێمەدا خۆی بە باشی بنوێنێ.

دووهەم: بۆ گەیشتن بە مەبەستی ستراتیژیكمان دەبێ ئامادەیی لە خۆ بردوویی و تەحەمولی سیاسی زۆر گەورەمان لە مەیدانی خەباتی كوردایەتی دا و بە نیسبەتی هێزەكانی كوردستانیەوە هەبێ.

وە ئەمما ئەحزاب و ڕێكخراوە كوردستانیەكان:

**ئەلف: حیزبی دیمۆكراتی كوردستانی ئێران**

ئەم حیزبە کە ڕێکخراوی زۆر کۆنی بزووتنەوەی کوردە، ئیستا یەکێ لە هێزە سەرەکیەکانی پێك هێنەری جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد لە کوێستانی کوردستانە. بە خۆشیەوە هەر ئێستا لە نێوان حیزبی دێموکرات و یەکیەتی‌ماندا پێوەندیەکی دۆستانە دامەزراوە کە هیوا دارین بە هەول و تەقەلای هەر دولامان بەباشی بپارێزرێ. ئێمە وەك یەکیەتی شۆڕشگێڕان دەمانەوێ ئەم پێوەندیە تا ئەو ڕادەیە قووڵ ببێتەوە کە لە داهاتودا بتوانی ببێتە بەردی بناغەی پێك هێنانی بەرەی کوردستانی. دیارە پێوەندی دۆستانەی یەکیەتیمان و حیزبی دێموکرات بەو مانایە نیە کە لە نێوانماندا هیچ جیاوازیکی ئیدئۆلۆژیك سیاسیی بەدی ناکرێ. بە پێچەوانەوە یەکیەتی شۆڕشگێڕان و حیزبی دێموکرات دوو ڕێکخراوی کەیفەن لەیەك جیاوازن.

جیاوازیەکان دەتوانیین بە کورتی بەم جۆرە دیاری بکەین:

– یەکیەتی شۆڕشگێڕان ڕێکخراوێکی بە تەواوی کوردستانی‌یە و خۆی بە بزووتنەوەی کورد بە گشتی موتەعەلق دەزانێ. بەلام حیزبی دێموکرات، حیزبێکی کوردستانی و لە هەمان کاتدا ئێرانی‌یە.

– یەکیەتیمان هەڵگری دروشمی مافی دیاری کردنی چارە نووسە، حیزبی دێموکرات داوای خودمختاری دەکات.

– یەکیەتی شۆڕشگێڕان پێك هێنانی بەرەی کوردستانی بە ئەرکێکی ستراتژیك دەزانێ، حیزبی دێموکرات تا ئێستا باسی لێ نەکردووە. هەروەها ڕامالینی داگیرکەرانی کوردستان کە یەکێ لە دروشمەکانی ئێمەیە.

– یەکیەتیمان باوەڕی بە داڕشتنی ستراتیژی جیاواز بۆ خەباتی گەلی کورد هەیە، حیزبی دێموکرات بە بزووتنەوەی ئێرانی‌یەوە گرێی دەدات.

ئەمانە و چەند خاڵی دیکەش دەتوانین ناو بەرین. زۆر ڕوونە کە ئەم جیاوازییانە لە سیاسەتی تاکتیکی دا گەلێ جار جیاوازی بەر چاو پێك دێنن. گرینگ ئەوەیە کە ئەم جیاوازییانە نەبێتە هۆی دوژمنی و تێك هەڵچوون و بە گژ یەك دا چوونی سیاسی. ئێمە لە هەمان کاتدا کە جیاوازیەکان ناشارینەوە، دەبێ بتوانین لە سەر خاڵە هاوبەشەکان کە لە ڕزگاری گەلی کورد لە چنگی

داگیر کەرانی کوردستاندا خۆی دەنوێنێ، بە رێك کەوتنی ستراتژیك و دۆستانە بگەین.

ب. رێکخراوی کۆمەڵە:

کۆمەڵە لە سەرەتای پێك هاتنیدا، رێکخراوێکیمائۆئیست بوو. کۆمەڵە زۆر شتی لە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانی عێراق وەرگرتبوو ولە راستی دا لە ژێر تەئسیری ئەودا دامەزرابوو. بەڵام تا راپەرینی گەلانی ئێران بەرەسمی هیچ نووسراوە یا کردەوەیەکی بە نێوی کۆمەڵەوە لێ نەبیندراوە. راپەرینی گەلانی ئێران کۆمەڵەی دەگەڵ هەل و مەرجێکی نوێ بەرەوروو کرد. ئەمجار خەباتی ئاشکرای کۆمەڵە لە قەوارەی کانونە دێموکراتیکەکاندا خۆی دەنواند. کۆمەڵە لە ژێر تەئسیری بارۆدۆخی دوای راپەرینی گەلانی ئێران بەرە بەرە تێدەکۆشا کە خۆی وەکو رێکخراوێکی چەپی ئێرانی وە موتەعەلق بە خەتی 3 نیشان بدات. هەڵبەت بە هۆی لاوازی تیۆری و کەم بوونی ئەزمونی سیاسییەوە، رێبەرانی کۆمەڵە هەر رۆژێ بە رێکخراوێکی خەتی سێوە خۆیان هەڵدەواسی. لە ئاکامی ئەم خۆهەڵواسینانەدا حیزبی کمونیستی ئێران لە میشکەپەی ئالانی سەردەشت دامەزرا. حیزبی کمونیست لە ئەساس دا لە کۆمەڵەو سەهەند(اتحاد مبارزان کمونیست) وە هێندێ کادری ئەم رێکخراو و ئەو رێکخراوی شکست خواردوی خەتی 3 پێك هات. کۆمەڵە بە هۆی ئەوەوە کە هێزی سەرەکی و لە راستیدا 80- 90 لە سەدی ئەندامانی حیزبی کمونیستی پێك دەهێنا، ماف و ئیختیاراتی تایبەت بە خۆی، لە نێو ریزی حێزبی کمونیست دا، دەویست. دیارە داوا کاریەکانی بە رەسمی قەبوول کرا. ئەو ماف و ئیختیاراتە تایبەتیيە کەکۆمەڵە وەدەستی هێنا بریتی بوو لە وەی کە: کۆمەڵە گونگرە و کۆمیتەی ناوەندی تایبەت بە خۆیی هەبێ. وە هەروەها بتوانێ بە ناوی کۆمەڵەوە سەر بەخۆیانە لە سەر مەسەلەی کورد بڕیار بدات و لەگەل لایەنە جووراجۆرەکانی پێوەندی دار بە مەسەلەی کوردەوە وتووێژ بکا و تەنانەت لە دەرەوەی ولاتیش بە ناوی خۆیەوە هات و چۆی مەحافلی نێونەتەوەیی بکات. هەر لە سەرەتاوە زۆر روون بوو کە ئەم قەوارە سیاسی –

تەشکیلاتی‌یە، لە سەر ئەساسی تەوازونی قوا دامەزراوە و لە نەتیجەی گۆڕانی تەوازون دا بە قەتعی دەگۆڕدرێت.کونگرەی چوارەمی حیزبی کۆمۆنیست کە دەبێ بەم زووانە ببەسترێ لەم بارەیەوە چارەنووس سازە.

ئەگەر تەنانەت وەزعی کۆمەڵە هەر بەم جۆرەی کە ئێستا هەیە بمێنێتەوە، دەبێ وەکو یەکێ لە هێزەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی کوردستان چاوی لێ بکرێ و هەوڵ بدرێت سەرنجی بەرە و پێك هێنانی بەرەی کوردستانی رابکێشرێ.

یەکەمین خاڵی سەرەکی جیاوازی و ناکۆکی ئێمە دەگەڵ کۆمەڵە، نەك هەر ئێمە بە ڵکو هەمو هێزە کوردستانی‌یەکان ئەوەیە کە کۆمەڵە نرخ و بایەخێك بە جووڵانەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد نادات و بە ناوی بۆچوونی ناسیونالیستی، هێرشی نارەوای دەکاتە سەر. بە بۆچوونی چەوتی کۆمەڵە کرێکارانی کورد هەستی نەتەوایەتی‌یان نابێ ببێت و ستەمی میللی ئەو دیاردە سیاسی‌یەنیە کە کرێکاری کوردیش دەبێ لە پێناوی‌دا خەبات بکات. لای کۆمەڵە وایە کە دەکرێ بەبێ ئەوەی کرێکارانی کورد رزگاری نەتەوایەتی وەدەس بێنن, جەور و ستەمی چینایەتی لە ناوببەن. ئەوەش بۆچوونێکی هەڵە و بەتەواوی لادەرانەیە کە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، کزولاواز دەکات. ئاشکرایە ئەم شێوە لێکدانەوەیە گرێ‌یەکی گەورەیە لە سەر رێگای گەیشتن بەتەوافوق لە نێو ریزی هێزە کوردستانی‌یەکاندا. بەو حاڵە شەوە ئێمە دەبێ تا ئەو جێگایەی کە دەکرێ پێوەندی نزیك و دۆستانە دەگەڵ کۆمەڵە ساز بکەین.

**ج. رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ:**

ئەو رێکخراوەی کە بەناوی " حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران – رایبەرایەتی شۆڕشگێڕ" ناسراوە، دوابەدوای کونگرەی 8ی حیزبی دێموکرات و لە بەهاری ساڵی 1367 دا وەکوو هێزێکی ئینشعابی لە ریزەکانی حیزبی دێموکرات، لە دایك بووە. رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ بە بڵاو کردنەوەی بەیاننامەیەکی 10 مادەیی کە هەروەك ناسنامەی ئەو رێکخراوە ناسرا، دامەزراندنی خۆی رەسمییەت پێ‌دا. بۆ ئێمە وەك هێزێکی کوردستانی

پێویسته که دەرکێکی قووڵ و دەقیقمان ببێ له هۆیەکانی پێك هاتنی ڕێبەرایەتی، ئەو هەل و مەرجە که ئیمکانی بە پێك هاتنی داو داهاتووی ئەم هێزە و چۆنیەتی پێوەندی نێوانمان و هەروەها ڕۆڵێك که ئێستا له بزووتنەوەی کوردستاندا هەیەتی.

دوو مەسەلەی سەرەکی زەمینەی ئینشعابی له حیزبی دێموکرات دا پێك هێنا.

یەکەم: هەل و مەرجی گشتی سیاسی ساڵەکانی 65-66 (86-87) که بزوتنەوەی کوردستان به هۆی ڕاگەیاندنی ئاگر بەس له نێوان عێراق و ئێراندا خۆی لەگەڵ تەنگ و چەڵەمەیەکی گەورەی سیاسی بەرەو ڕووه دەدیت. ئەوه قانونی گشتی سیاسەته که هەموو بزووتنەوەیەك له بارودۆخی پاشه کشێ دا زەمینه و ئیمکانی جیابوونەوە(انشعاب ) له ڕیزەکانیدا ساز دەبێ. پێش گیری له ئینشعاب و ئینشقاق له هەل ومەرجی ئەوتۆدا،دەگەڕێتەوە بۆ وریایی و چۆنیەتی هەڵوێستی سەرکردایەتی ئەحزاب و ڕێکخراوەکانی بەشدار له بزووتنەوەدا.

دووهەم: هەر لەو کات و ساتەدا حیزبی دێموکرات به گشتی له ئینزیوا (انزوا)ی سیاسی دا بوو و له ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی به گشتی و بەتایبەت لەو هێزانەی له کوردستان دا حوزووریان هەبوو، تاك و تەریك کەوتبوو. به هۆی ناکۆکی و کێشەی توندی ئەو حیزبه دەگەڵ چەند ڕێکخراوی وەکوو موجاهدین و کۆمەڵه، هەر جم و جۆڵێکی موخالیف له نێو ڕیزکانیدا، لەلایەن ئەو ڕێکخراوانەوه پشتیوانی لێ دەکرا.

ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات به بێ سەرنج دانه سەر ئەو بارو دۆخه که باسی لێکرا، گەلاڵەی تەسفیەی تەشکیلاتی ڕیزەکانی خۆیی به دەستەوه گرت. کونگرەی <u>8</u> که له زستانی ساڵی 1368 دا گیرا، ئەرکی ئەوه بوو گەلاڵەی تەسفیەی تەشکیلاتی پەسەند بکات. شکڵی ئەو گەلاڵەیه له "لیستەی فیکس" دا خۆی دەنواند. لیستەی فیکس بەو مانایه بوو که ڕێبەریی تازەی حیزبی دێموکرات دەبێ به سەرجەم هەڵبژێردرێ نەوەك له ڕێگای هەڵبژاردنی یەك به یەك و ئازادانەی ئەندامانی کاندید بۆ کۆمیتەی ناوەندی. له " لیستەی

فیکس" دا چەند کەس لە ئەندامانی بەناوبانگی حیزب نەگونجابوون. هەر ئەوە بووبە هاندەری ئینشعاب و دامەزرانی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ کە بە گورجی و بە پەلە لەلایەن موجاهدین و هێندێ ڕێکخراوی دیکەوە پشتگیری لێ کرا.

سەبارەت بە هەڵوێستی ئیمە لە سەر "ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ" دەبێ دووخاڵی سەرەکی لە بەر چاو بگیرێ.

یەکەم: ئەوەی کە ئەو ئینشعابە لە ئاکامی وڵام دانەوە بە پێویستی مێژوویی بزوتنەوەی کورد رووی نەداوە. بەڵکوو ناکوکی و کێشەی تەشکیلاتی هاندەری ئەو جیابوونەوە بووە. ئەمە بە جوانی لە بەیاننامەی $10$ مادەیی "ڕێبەرایەتی" دا دەردەکەوێ. ئەو بەیاننامە بە راستی تەنیا بۆ رازی کردنی لایەنە جوراوجۆرەکانی پێوەندیدار بەمەسەلەکەوە نووسرا بوو، نەك دەر بڕینی راستەقینەی بیروباوەڕی سیاسی.

دووهەم: پێوەندی و دۆستایەتی "ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ" دەگەڵ ڕێکخراوێکی دژی کوردی وەك موجاهیدین ، نەك هەر هیچ قازانج و بەرژەوەندی بزووتنەوەی کوردی تیا بەدی ناکرێ بەڵکوو بە پێچەوانەوە راستە و خۆ دژی ئەو قازانج و بەرژەوەندییەیە.

لە بابەت چەند مەسەلەی دیکەشەوە هەڵوێستمان روونە. ئێمە بە توندی موخالیفی شەڕی براکوژی نێو خویین، بە هەر هۆ و سەبەب و دەلیلێك بێت. ئەوەشمان بە ڕێبەرانی هەر دوو لا راگەیاندووە. لە کێشە و ناکۆکی لە سەر هەڵبژاردنی ناوی حیزبی دێموکرات ئێمە بە رەسمی خۆمان دوور دەپارێزین لە بەر ئەوە کە پێوەندی بە ئێمەوە نیەو مەسەلەی تایبەتی خۆیانە.

بۆ هاوکاری کردن دەگەڵ "ڕێبەرایەتی" ئێمە پێش شەرتێکمان هەیە ئەویش ئەوەیە کە ڕێبەرایەتی ئەگەر هێزێکی رەسەنی کوردستانییە, دەبێ پێوەندی دۆستانەی دەگەڵ ڕێکخراوی کورد کوژی موجاهدین بە ئاشکرا بپسێنێت. دەنا هەر چەشنە هاوکاریەك دەگەڵ ڕێبەرایەتی راستەوخۆ یا نا راستەوخۆ

**موجاهدین کەڵکی لێ وەردەگرێ. ئاشکرایە کە ئەمەش بە پێچەوانەی قازانجی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کوردە.**

**لەم نووسراوەدا هەوڵ درا زۆربە کورتی باسی هێزە سیاسیەکان بکەین. جا دیارە کاتێ باسێك بە تێروتەسەلی نەکرابێت کەم و کووڕی تایبەتی خۆش دەبێ, کە هیوا دارم لە بەرنامە ئاموزشی‌یەکان دا قەرە بوو بکرێتەوە.**

**سەعید**

**گەلاوێژ** 1370

# له پێناوی روون کردنەوەی زیاتری هەڵوێستەکانی
# یەکێتی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان

## وتووێژ لە گەڵ هاوڕێ

## "سعید یزدان پناه"

کۆمیسیۆنی تەبلیغاتی یەکێتی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان بڕیاری دا بە هۆی ئەوەوە کە تاکوو ئێستا ئیمکاناتی چاپەمەنی بۆ ئینتیشاری رۆژنامەی ی.ش.گ.ك. ئامادە نەبووە و ئەو زەروورەتەش هەست پێدەکرێ کە یەکیەتی‌مان زیاتر هەڵوێستەکانی خۆی روون بکاتەوە , وتووێژێك لە گەڵ هاوڕێ سەعیدیەزدانپەنا پێك بێنێ ، بۆ ئەوەی تا ئەو جێگایەی دەکرێ وەڵامی ئەم پێویستی‌یە بدەینەوە . ئەم وتووویژە لە رێکەوتی 70/6/10 (1991/9/1) ئەنجام دراوە .ئەمەش دەقی وتووێژەکە:

**پرسیاری یەکەم – هاوڕێ سەعید وەزعی یەکیەتی‌مان بە گشتی چۆن دەبینی و بەرنامەکانی داهاتوومان چن ؟**

وەڵام – هەروەك پێشتریش گوتوومانەیەکیەتی‌مان بە هۆی ئەوە کە لە دڵی هەل ومەرجی شۆڕشگێڕانەی خەباتی گەلی کورد هەڵقوڵاوە و داخواز و رێباز و دروشمەکانی رەنگ و دەنگ دانەوەی راستەقینەی بارودۆخی ئەمڕۆی خەباتی رزگاری‌خوازانەمانە , هێزێکی رەسەنی سیاسی‌یە کە هەر زۆر زوو جێی خۆی لە دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دا دەکاتەوە . هەر ئێستاکەش دەتوانم بە راشکاوی بڵێم کە لە باری سیاسی‌یەوە یەکیەتی‌مان شوێنی دیار و روونی لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانی ئێران داناوە. ئەوەی کە ئێستا "پێك هێنانی‌بەرەی‌کوردستانی ","وەدەست هێنانی مافی دیاری کردنی چارەنووس" بەرەبەرە دەبێتە دروشمی سەرەکیی هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستانی ئێران و دەبێتە داخوازی سەرەکی کۆمەڵانی خەڵك، خۆی لە خۆی‌دا پیشاندەری راستی و دروستیی دروشمەکانی ئێمەیە. ئێوە باش دەزانن کە لە کوردستانی ئێران دا ئەوە بۆ یەکەم جار یەکیەتیی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان بوو کە بە شانازی‌یەوە هەڵگری ئەم دروشمانە بووە و رچەشکێنی رێگای کوردایەتی و کوردستانی بوونی راستەقینە بووە و هەرواش دەمێنێتەوە . مەبەستم لە کوردایەتی و کوردستانی بوونی راستەقینە ئەوەیە کە بە داخەوە تا ئێستا هێزە پیشکەوتنخوازەکانی کوردستانی ئێران

**هەم خۆیان بە ئێرانی زانیوە و هەم کوردستانی , و هەر بەو پێیەش هەڵویست و دروشمیان رەچاو گرتوە . ئێمە دەمانەوێ ئەو سامە بشکێنین و بە راشکاوی بڵێین : کوردین و خەڵکی وڵاتی داگیرکراوی کوردستانین. هەڵویستمان لە سەر ئەو ئەساسە دیاری دەکەین , بە بێترس و لەرزی سیاسی لەوەی کە پێمان بڵێن تەجزیە تەڵەب .**

**جا بە کورتی لە وەڵامی پرسیارەکەت دا دەتوانم بڵێم لە باری سیاسیەوە مەیدانێکی بەربڵاو بۆ یەکیەتیمان کراوەتەوە و تا ئێستا لەو ماوە کورتەدا باش چووینەتە پێشەوە . بۆ داهاتووش زۆر کاری گرینگمان بە دەستەوەیە و بیر لە زۆر شت دەکەینەوە . ئەگەر ئیمکانات رێگامان پێبدات. بەڵام دەتوانم بە گشتی لە چەند بواردا کورتیان بکەمەوە :**

**یەکەم : دارشتنی بەرنامە و پێرەوی نێوخۆی یەکیەتیشۆرشگێران .**

**دووهەم : گرتنی یەکەمین کۆنگرە ، یا کۆبوونەوەی گشتی .**

**سێهەم : درێژەی بەشداری چالاکانەمان لە شەڕی شۆڕشگێڕانەی کوردستان دژ بە داگیرکەران .**

**چوارەم : رێکخستنی کاری تەبلیغی بەربڵاو . کە دیارە ئەمەیان زۆر بە زەقی پێوەندی بە ئیمکاناتەوە هەیە .**

**پێنجەم : سازمان دانی هەڵسوڕانی سیاسی بە مەبەستی یەکگرتنی هێز و تاقم و گرووپ و شەخسییەتە سیاسییەکانی کورد کە باوەڕیان بە پێك هێنانی هێزێکی سیاسی جیدیو کۆمەڵایەتی و بەدەسەڵاتی کوردستانی هەیە . لەم پێوەندییەدا هێندێك کارمان کردوە کە هیوادارین بە زوویی بە ئاکام بگات . بە پێویستی دەزانم هەر لێرەدا داوا بکەم لە هەموو ئەو هێز و شەخسییەتانە کە خۆیان لەم راستایەدا دەبینن , بێن و پێکەوە لە سەر پرۆژە و پلاتفۆرمی یەکگرتن کار بکەین .**

**پرسیاری دووهەم– هەل و مەرجی خەباتی گەلی کورد بە گشتی چۆن دەبینن و پێشنیارمان بۆ گەشەی زیاتری ئەم جووڵانەوە رەوایە چیە ؟**

وەلاّم – ئەم هەل و مەرجە کە ئەوڕۆکە گەلی کورد و جوولاّنەوە شۆڕشگێڕانەکەی تێیدا دەژی بە راستی لە مێژوودا کەم وێنەیە.دەتوانم بە قەتعی بلّێم ئەوە بۆ یەکەم جارە کە مەسەلەی کورد ئابەم شکلّ و شێوە و بەربلاّویە دەبێتە مەسەلەیەکی نێونەتەوەیی .چۆنیەتیی حەللیمەسەلەی کورد ئەمڕۆ بیّگومان لە رەدیفی دەستووری کاری هەر دەولّەت و حیزبێکی سیاسی جیدی دایە کە رۆلّی لە ئالّ و گۆڕەکانی کۆمەلّگای نێونەتەوەییدا هەبیّ. ئەمن پێم وایە کە مەسەلەی کورد چی دیکە لە چوارچێوەیبەرتەسکی ولاتێك دا نابەستریتەوە ,بەلّکوو وەك مەسەلەی نەتەوەیەکی 25 میلیۆنی دێتەگۆڕیّ .مەگەر ئەوەی کە ئێمەی کورد بۆ خۆمان چوارچێوەی مەسەلەکە بەرتەسك بکەینەوە.لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا ستراتیژی جوولاّنەوەی رزگاریخوازی کورد دەبیّ پێك هێنانی دەولّەتی سەربەخۆی کوردستانی بێت.(لە سەر ئەوە تەئکید دەکەم کە ستراتیژی دەبیّ پێکهێنانی دەولّەت بیّ , نە وەك دروشم تاکتیك ) چونکوو بە راستی مەسەلەی کورد بە هیچ جۆرێکی دیکە بە شێوەی قەتعی حەلّ نابێت . گەیشتن بە هێندیّ ماف لە چوارچێوەی ولاّتێك دا کە کوردی پێوە لکێندراوە لە شکلّی خودموختاری یا هەر شتێکی دیکە لەم بابەتە تەنیا چارەسەری کاتییە و بۆ دەورەیەك دەتوانیّ وەلاّمدەری خەباتی گەلی کورد بیّ . هەلّبەت ئەگەر ئەو شکلّە چارەسەرییە خودموختاری بێت هەر زۆر کاتی و بیّسەرەنجامە(دوایە دیسانەوە دەگەرێمەوە سەر ئەمە).ئەوە هەر وەك گوتمان باری ستراتیژی مەسەلەکەیە . بەلاّم لە باری تاکتیکییەوە دەبیّ بە پێی ئیمکاناتی واقیعی بۆ گۆڕان هەولّ بدەین و گەلاّلّەی سیاسی دابرێژین.دیارە تاکتیکەکانمان دەبیّ لە خزمەتی مەبەستی ستراتیژیکماندا بن . هەر سازان و موسالحەیەك و یا شەڕ و تێك هەلّچونێك دەبیّ بەو معیارە حیساب بکریّ کە ئاخۆ ئێمە هەنگاوێك لە ئامانجی ستراتیژیکمان نێزیك دەکاتەوە،یا نا ؟ بە بڕوای ئێمە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە هێزە سیاسیەکانی کوردستان بە گشتی بتوانن لەم بارودۆخە رەخساوەدا ئۆرگانێکی یەکگرتووی کوردستانی بۆ گەشەدان بە خەباتی رزگاریخوازانەی

گەلەکەمان لە ئاستی نێونەتەوەییدا پێك بێنین. ئەرکی سەرەکی ئەم ئۆرگانە ( هەر ناوێکی لە سەر دانێن گرینگ نیە ) ئەوە دەبێ کە لە کۆڕ و کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا مەسەلەی کورد وەکوو مەسەلەیەکی گشتی نەتەوەیەکی 25 میلیۆنی بێنێتە گۆڕێ. بە واتایەکیتر نوێنەری سیاسی –نەتەوەیی کورد دەبێ بە گشتی لە ئاستی جیهانیدا . پێم وایە زەمینە بۆ دەست دانە ئەم ئەرکە پیرۆزە بە تەواوی ئامادەیە و لە ئاستی جیهانیدا پێشوازی لێ دەکرێ . ئەگەر نەتوانین لەم دەرفەتە رەخساوە بۆ ئەم مەبەستە کەڵك وەربگرین بێگومان نەسلی داهاتوو نامان بەخشن و هەڵەیەکی مێژوویی بە ئەستۆمانەوە دەبێ . دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ روانگەی ئێمە لە سەر چارەسەری کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدا دەژی , یانی هەوڵ دان بۆ گەیشتن بە لانی کەمی مافە رەواکانی گەلی کورد . ئەوەش لە کاتێك دایە کە سەربەخۆیی دروشمی رۆژ و تاکتیکی سیاسی نەبێت . لە هەل و مەرجی وەك ئێستادا , لەم حاڵەتەدا ئێمە رێگا حەللی فیدراڵی پیشنیار دەکەین . پێم وایە ئەمرۆ مەسەلەی کورد ئەوەندە زەق و بەرچاووگەورەیە و هەروەها ئەوەندە تەنگی بە دەسەڵاتدارانی حاکم هەڵچنیوە و ئەزموونی گەلانی دنیا ئەوەندەی شوێنی موسبەت لە سەر بیروڕای گشتی داناوە گەلی کوردمان بۆ وێنە لە ئێران بەشتێك کەمتر لە پێوەندی فیدراڵی لە گەڵ دەوڵەتی مەرکەزی رازی نەبێت .

**پرسیاری سێهەم – جیاوازی لە نێوان حەللی فیدرالیی مەسەلەی کورد لە گەڵ خودموختاری چیە وا ئێمە بەم جورە تەئکیدی لە سەر دەکەین ؟**

وەڵام – لام وایە کە مەبەست لەم پرسیارە ئەوە نیە کە ئەمن بە وردی و لە جوزئیات دا باسی  جیاوازی نێوانیان بکەم . بە گشتی دەتوانم چەند جیاوازی سەرەکی دەست نیشان بکەم :

یەکەم : ئەوەی کە فیدرالیزم شێوە و شکڵێکی حکومەت کردنە کە لە ئەساس دا دەسەڵاتی مەرکەزی و تەمەرکوز لە ناوەند کەم دەکاتەوە . بە واتایەکیتر دەسەڵاتی مەرکەزی دابەش دەکرێ بە سەر ئەو ئەیالات و ویلایات و ئەو کۆمارانەدا کە لە چوارچێوەی کیشوەرێك دا دەژین .

دووهەم : خودموختاری بە پێچەوانەی پێوەندی فیدرالی, پێرەوی مەرکەزە و ناوەندگەرایە .

سێهەم : رادەی ئیختیارات و سەلاحییەتی کۆمارێکی فیدرال زۆر لە دەوڵەت و ناوچەی خودموختار زیاترە .

لەو وڵاتانەی کە فرە نەتەوەیین و بە شێوەی فیدراتیو ئیدارە دەکرێن پێشکەوتنی سیاسی–ئابووری و کۆمەڵایەتی زیاتر دەستەبەر کراوە . بە تایبەت دەبێ ئەوە لە بەر چاو بگرین کە وڵاتانی وەك ئێران ئەگەر بێت و دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی بە قووەتی خۆی بمێنێتەوە , دیموکراتیك ترین حکومەتیش لە ئەنجام دا هەر بەرەو دیکتاتۆری مەیل ئەکات . جا زۆر روونە ئەگەر لە وڵاتێك دا دیکتاتۆرییەت حاکم بێت، خودموختاریش دەبێتە شتێکی کارتۆنی و بێ ناوەرۆك . بە کورتی خودموختاری و دیموکراسی بە یەکەوە گرێ دراون و لە یەك جیا ناکرێنەوە .وڵاتی ئێرانیش روی دیموکراسی بە خۆیەوە نابینێ تا ئەو کاتەی دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزی هەر ئاوەها موتەمەرکز بمێنێتەوە . کە وابوو فیدراسیون هەم ئیمکانی دیموکراسی لە وڵات دا پێك دێنێ و هەم گەلی کورد و گەلانی دیکەی غەیری فارسیش دەتوانن لە لانی کەمی ئەو مافەی وەدەستیان هێناوە کەڵك وەربگرن.

**پرسیاری چوارەم – تاکوو ئێستا ئێمە لە سەر هێزە سیاسییەکانی ئێرانی و کوردستانی هیچمان بڵاو نەکردۆتەوە , پرسیار ئەوەیە کە پێوەندی ئێمە و ئەو هێزانە لە سەر چ بناغەیەکە و هەڵویستمان بەرامبەریان چیە ؟**

وەڵام – ئەوە راستە کە ئێمە هەتاکوو ئێستا سەبارەت بە هێزە سیاسییەکان بە شێوەی دیاری کراو هەڵویستمان نەگرتووە . ئەمە بە مانای ئەوە نیە کە ئێمە هەڵویستی روونمان لەم بابەتەوە نەبووە . ئێوە ئاگادارن کە لە ناو رێزەکانی یەکیەتیمان دا لە سەر هێزە سیاسییەکانی ئێرانی و کوردستانی بە تێرو تەسەلی قسە وباس کراوە و شتیش نووسراوە. لە راستیدا بە هۆی بێ ئیمکاناتییەوە ئێمە تا ئێستا نەمان توانیوە رۆژنامە دەربکەین تا لەوێدا ئەم

باسانه بکەینەوە .بە هەر حاڵ سەبارەت بە هێزە سیاسی‌یەکان و هەڵویستی ئێمە :

ئەو هێزانە کە دەبێ هەڵویستمان لە سەریان روون بێ , دەیان کەین بە دوو بەشەوە : ئێرانی و کوردستانی . ئێمە دوو پێوانەی (معیار) سەرەکیمان بۆ پێوەندی و دۆستایەتی و هەڵسەنگاندنی سیاسی هێزە ئێرانی‌یەکان هەیە کە بریتین لە :

یەکەم : چۆنیەتیی هەڵویستیان لە سەر رێژیمی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی وئەو نەوعە حکومەتەی کە وەك بەدیل پێشنیاری دەکەن .

دووهەم : چۆنیەتی هەڵویستیان لە سەر مەسەلەی کورد و مافی رەوای دیاری کردنی چارە نووسی خۆی .

دەتوانین بە گشتی هێزە سیاسی‌یەکانی ئێرانی بەم جۆرە دیاری بکەین :

ئەلف – سەلتەنەت خوازەکان . ب – رێکخراوی موجاهیدینی خەڵك . ج – تەیفی رێکخراوە دێموکرات و کۆماری خوازەکان . د – رێکخراوە چەپی‌یەکان .

لە ئەلفەوە باسیان دەکەم . سەلتەنەت خوازەکان یەك دەست نین و خسوسییەتی هاوبەشی هەموویان لە دژایەتی لە گەڵ دەسەڵاتی کۆمەڵانی خەڵك واتە دێمۆکراسی راستەقینە , عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و رووخاندنی کۆماری ئیسلامی لە رێگای راپەرینی چەکدارانەی گەلی و دامەزراندنی کۆمارێکی دێمۆکراتیك دایە و هتد .

سەبارەت بە هەڵوێستیان لە سەر جووڵانەوەی گەلی کوردیش , زۆر روون و ئاشکرایە کە بە درێژایی مێژوو، هێزەکانی لایەنگری سەلتەنەت دژ بە میللەتی کورد و خەباتی رەوای لە پێناوی رزگاری‌دا راوەستاون. سەلتەنەت خوازەکان تەنانەت کورد بە میللەتێکی جیاواز و بە خسوسییاتی تایبەتی خۆیەوە ناناسن . بەڵکوو هەر بە فارسی لە قەڵەم دەدەن . بەم جۆرە ئێمە سەلتەنەت خوازەکان لە بەرەی دژ بە جووڵانەوەی دێمۆکراتیکی سەرانسەری ئێران بە

گشتی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردمان بە تایبەتیدادەنێین و رازی بە دۆستایەتی و پێوەندی گرتن لە گەڵیان نین .

ب – رێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران :

بە بڕوای من موجاهیدین رێکخراوێکی دژی دێموکراتیک و شۆوینیستەو هەروەها دژی جوولانەوەی گەلی گورد لە هەموو پارچە دابەش کراوەکانیەتی . سێ عونسوری سەرەکی بافتی رێکخراوی موجاهیدین پێك دێنن : شۆوینیسمی پاوانخوازی ئێرانی , کۆنە پەرەستیی‌مەزهەبی,سوسیالیزمی سەربازخانەیی و دژی دێموکراتیك . تەرکیبی ئەم سێ عونسورە دەبێتەهۆی ئەوە کە رێکخراوی موجاهیدین لە ناوەرۆك دا دژی دێموکراتیك بێ , نە وەك هەر بە هەڵوێست و بۆچوونێکی تاکتیکی , کە رێگای ئیسلاح و گەڕانەوەی لە بەر دا بێ . یەکیەتی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان هیچ پێوەندی‌یەکی بەم رێکخراوەوە نیە .پێشمان وایە پێوەندی دۆستانە لە گەڵ موجاهیدین تۆوی ناکۆکی و ئیختیلاف لە نێو ریزی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان دا دەچێنێت . هەرکات پێویست بوو بزووتنەوەی کورد لە ئێران دا لە گەڵ موجاهیدین پێوەندی هەبێ و رێك بکەوێ ئەوا دەبێ لە سەر ئەساسی بە رەسمی ناسینی مافی دیاری کردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد و هەڵسەنگاندنی دەقیقی پارسەنگی هێزەکان بێت بە جۆرێك کە رێگا بە داسەپاندنی دیکتاتۆریی موجاهیدی لە داهاتوودا نەدرێت .

ج – تەیفی رێکخراوە دێموکرات و کۆماری خوازەکان :

ئەم تەیفە لە رێکخراوە ئێرانی‌یەکان زۆر ناهەمگون، موتەناقز و بەربلاون , خسووسییەتی هاوبەشی ئەو جەرەیاناتە لەوە دایە کە لە لایەکەوە کۆماری خوازان و لە لایەکی دیکەوە موخالیفی دروشمی رووخاندنی کۆماری ئیسلامی ئێرانن . بەڵکوو داواکاری ئاڵ و گۆڕی دێموکراتیکی ئەوتۆن ، کە کۆماری ئیسلامیش خۆی وەکوو یەکی لە پێك هێنەرانی ئەم ئاڵ و گۆڕە بێتەگۆڕێ .دروشمی سەرەکی ئەوان لە هەل و مەرجی ئێستادا لەجێی رووخاندنی کۆماری ئیسلامی هەڵبژاردنی ئازادە . بە گشتی تەیفی‌رێکخراوە کۆماری

خوازەکـان بەشــی هــەرە ڕێفۆرمیســتی بزووتنــەوەی ئـازادیخوازیی ئێــران پێکـدێنن . هەڵوێسـتی ڕێکخـراوە کۆمـاری خوازەکـان بـە نیسـبەت مەسـەلەی کـوردەوە یـەك دەسـت نیـە , بـەڵکو جیـاوازی زۆر کـەیفی و بەرچـاوی تێدایـە .باڵیچـەپی ئـەو تەیفـە لایـەنگری لـە داخـوازی خودموختـاری دەکـات و بـەو نیسبەتە مـافی ڕەوای گەلەکـەمان بـەرەسمی دەناسـن . بـەڵام بـاڵی ڕاسـتی ئـەو تەیفە خودموختاریش بە داخوازێکی لاوەکی لە بزووتنەوەی ئێران دا دەزانێ . لە بەر ئەوە مەگـەر بـە زۆر دەنـا دان بـە مـافی زەوت کـراوی گەلەکـەمان دا نـانێن .لامـان وایـە بزووتنـەوەی کـورد دەبـێ تێبکۆشـێ سـەرنجی سـەمپاتیانەی ئـەو تەیفە لە ڕێکخراوە ئێرانییەکان بە گشتی بۆ لای خـەباتی حەقخوازانـەی خـۆی ڕابکێشێ و تا ئەو جێگایەی کە دەکرێ بـۆ ناسـاندنی زیـاتری مەسـەلەی کـورد لەم ڕێکخراوانە کەڵك وەربگرێ .

د – ڕێکخراوە چەپییەکان : ئێمە ڕێکخراوە چەپییەکان بەوانە دەڵێین کـە تـا ئێسـتاکەش هــەر لــە ســەر ڕێبــازی مارکسیســتی پێدادەگــرن و بــە زانســتی ڕزگـاریی چـینی کرێکـاری دەژمێـرن . ڕێکخـراوە چـەپییەکان ئەگـەر حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئێرانـی لێدەرکـەین زۆر کـز و لاواز و بێدەسـەڵاتن . هـەر بۆیـەش هەڵویســتەکانیان بــە زۆری دوورە لــە هەســتی بەرپرســایەتی . ســەرەکیترین نوختە زەعفی ڕێکخراوە چەپییەکان بە گشتی لە مەکتـەبی و فیرقـەیی بوونیـان دایە . بە واتایەکیتر کەمتر وەکوو ڕێکخراوێکی سیاسی دەجووڵێنەوە, بەڵکوو زیاتر وەك فیرقەیەکی ئاڕمانخواز دێنە بەرچاو . ئەو ڕێکخراوانە تا ئێستاش بە دوای هــەموو ئەزموونــەکانی ئــەم دواییيانــەی بزووتنــەوەی کۆمۆنیســتی لــە ئاستی جیهانیدا نـەیانتوانیوە لـە نێـوان ئارمـانخوازیی ئیـدئۆلۆژیك و ڕێبـازی سیاسی کە بە پێی هەل و مەرجی سیاسی , پارسـەنگی هێزەکـان و ئیمکانـاتی واقیعی بۆ گۆڕانکاری دادەنرێ و مەسەلەی سەرەکی تێیـدا دەسـەڵاتی سیاسـی و وەدەست گرتن و پاراستنییەتی , پێوەندییەکی ئوسولی پێك بێنن . بە هـەر حـاڵ ڕێکخـراوە چـەپییەکان سـەرەڕای هەسـتی شۆوینیسـتییان بـە کـردەوە بەرامبـەر بـە کـورد , بـە ڕەسمـی مـافی دیـاری کردنـی چارەنووسـی گـەلان بـە

دەسـتی خۆیـان، دەسـەلمێنن . هـەروەها خوازیـاری رووخانـدنی کۆمـاری ئیسلامی و هاتنە سەر کاری حکومەتێکی دێمۆکراتیکن . ئەم دوو مەسەلەیە دەتوانن ببنـە بناغـەی پێوەنـدی دۆسـتانەی بزووتنـەوەی کـورد و رێکخـراوە چەپی‌یە ئێرانی‌یەکان . ئێمە تێدەکۆشین بەرە بەرە لە گەڵ ئەم رێکخراوانە لە سـەر ئەساسـی حقـووقی بەرابـەر و رێزگرتنـی دوو لایەنـە (احـترام متقابـل) دۆسـتایەتی دابمـەزرێنین .وا بـزانم بـە گشـتی باسـی رێکخـراوە ئێرانی‌یـەکانم کـرد. ئێسـتا بـا بگەڕێینـەوە سـەر رێکخـراوە کوردسـتانی‌یەکان . رێکخـراوە کوردستانی‌یەکانیش دەکەین بە دوو بەشەوە : رێکخراوە کوردستانی‌یەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان وەکوو عێراق , تورکیە , سووریە و رێکخراوە کوردستانی‌یەکانی کوردستانی ئێران .

یەکیـــەتی شۆڕشـــگێڕانی گـــەلی کوردســـتان لایـــەنگری جوولآنـــەوەی رزگاری‌خوازی گەلی کوردە لە هەموو پارچە دابەش کراوەکانی کوردستان بۆ وەدەست هێنانی مافی دیاری کردنی چارەنووس . لە سەر ئەم ئەساسە هەوڵ دەدات پێوەندی‌یەکی قووڵ و دۆستانە دابمەزرێنێ لە گەڵ هەموو رێکخراوە پێشکەوتنخوازەکانی کوردستانی لە هەموو پارچەکانی کوردستان .

سـەبارەت بـە هێـزە کوردسـتانی‌یەکانی ئێرانیش لـە پێش دا دەبێ جارێکی دیکـە لـە سـەر زەرووڕەتـی پێکهێنـانی بـەرەی کوردسـتانی هـەروەك خـاڵێکی سـتراتژیك قامـك دابنـێین . لـەم روانگەشـەوە سـەیری هێـزە کوردسـتانی‌یەکان بکـەین .بـەو مانایـە کـە ئێمـە دەبێ سـەرەڕای هـەموو ئیختلافـاتی سیاسـی کـە دەکرێ لە گەڵ هەر هێزێکی کوردستانیش بمانبێ , هەڵویستی دۆستانەمان لە بەرامبـەریان دا لـە بـیر نەکەینـەوە .هەڵبـەت ئێمـە واقیـع بینانـە تەماشـای رووداوەکان دەکەین و بە باشی دەزانین کە لە سەر رێگای پێك هێنانی بەرەی کوردستانی زۆر تەگەرەی واقیعی سیاسی و غەیری واقیعیش بەدی دەکرێ .

ئەرکی ئێمە شاردنەوەی ئیختلافاتی سیاسی نیە .بەڵکوو تێکۆشان بۆ دەست نیشان کردنی خاڵە سەرەکی‌یە هاوبەشەکان و پیشان دانی ئەم راستی‌یەیە کە دەکرێ لە ناکۆکی‌دا یەکگرتن هەبێ . بە هەر حاڵ بە خۆشی‌یەوە ئێمە لەگەڵ

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە یەکێك لە هێزە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردە , پێوەندی دۆستانەمان هەیە و هەوڵ دەدەین ئەم پێوەندییە زۆر زیاتر و قووڵتریش بکەینەوە . ئەوەندەی کە بۆ ئێمە وەکوو یەکیەتی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان دەگەڕێتەوە , پێمان وایە و هەوڵیش دەدەین کە لە داهاتوودا لە پێناوی گەشە دان بە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەمان بە رێککەوتنی ستراتژیك لە گەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بگەین . رێککەوتنێکی ئەوتۆ کە ببێتە بەردی بناغەی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی .بە بڕوای ئەمن دوو مەرجی سەرەکی بۆ گەیشتن بەم رادە لە تەوافق هەیە :

یەکەم – یەکیەتیمان لە داهاتوویەکی نزیکدا ببێتە هێزێکی بە دەسەلاّت و کۆمەلاّیەتی کە لە نێو دڵی کۆمەلاّنی خەڵکی کوردستان دا جیّ و شوێنی دیاری هەبیّ .

دووهەم – لە سەر مەسائیلی ستراتیژی – تاکتیکی جوولاّنەوەی کوردستان بۆچوونەکانمان زیاتر لێك نزیك بکەینەوە . پەیامی رادیۆیی سکرتێری گشتی حیزبی دیموکرات بەرێز کاك دوکتور سەعید بە بۆنەی 25ی گەلاوێژەوە ,ئەو جێگایەی کە باسی مافی میللی و مەسەلەی کورد بە گشتی دەکات هەنگاوێکی بە نرخە لەم بوارەدا .

ئەمما سەبارەت بە کۆمەڵە , کۆمەڵە رێکخراوێکی کوردستانییە لە نێو حیزبێکی سەراسەری ئێرانیدا. ئەم وەزعە خۆی مەوقعییەتێکی موتەناقز بۆ کۆمەڵە پێك دێنیّ کە بووەتە موشکلی نێوخۆیی خۆشیان . بە هەر حاڵ ئێمە لە گەڵ کۆمەڵە دوو بۆچوونی بە تەواوی جیاوازمان لە سەر مەسەلەی کورد هەیە . بە داخەوە کۆمەڵە هیچ نرخێك بۆ خەبات لە رێگای رزگاریی میللی گەلی کورد دانانێت و بە ئیتهامی "ناسیونالیسم" هێرشی سیاسی دەکاتەسەر . بەو حاڵەشەوە ئێمە پێمان وایە دەکریّ لە سەر پرێنسیپە گشتییە سیاسییەکان هاوکاریی دۆستانەمان لە گەڵ کۆمەڵە هەبیّ و بەش بە حاڵی خۆمان لەم رێگایەدا هەنگاو دەنێین .

**پرسیاری پێنجەم – دوایین پرسیار ئەوەیە کە وەزعی کۆماری ئیسلامی و خەباتی رزگاریخوازانەی ئێران چۆن دەبینی ؟**

وەلاّم – ئەورۆکە هەر ولاّت و رێژیمێکی سیاسی بە پێوانەی دیمۆکراسی و رادەی پێشکەوتنی ئابووری و هەروەها کۆمەلاّیەتی هەڵدەسەنگێنن.کۆماری ئیسلامی ئێران رێژیمێکی دژی گەلی و کۆنەپەرستی سەدە نێوەنجی‌یە کە بە گشتی لە گەلْ رەوتی پێشکەوتنی جیهانی لە ناکۆکی دایە . ئەگەر بمانەوێ بە معیارەکانی سەرەوە و یەك بە یەك باسی رێژیم بکەین , دەڵێین : کۆماری ئیسلامی رێژیمێکی دیکتاتۆری سەرەرۆیە کە بوون و مەوجوودییەتی لە گەلْ ئازادی و ئازادیخوازی ناتەبایە . لە باری ئابووری‌یەوە بەرنامەی پێنج ساڵەی رەفسنجانی نەك هەر هیچ پێشکەوتنێکی ئابووری بە دیاری نەهێناوە , بەڵکوو تەوەرۆم و گرانی بە راستی سەرسوڕهێنەرە . ئەم رێژیمە زەرفییەتی ئەوەی نیە کە ئابووری‌یەکی پێشکەوتوو و مودێرن ئیدارە بکا . لە باری کۆمەلاّیەتیشەوە نەك هەر هیچ ئازادی‌یەکی کۆمەلاّیەتی بەدی ناکرێ بەڵکوو بە زۆری سەرنێزە بە کرێگیراوانی رێژیم دەیانهەوێ ژیانی سەدەکانی نێوەنجی بە کۆمەلاّنی خەڵکی ئێران تەحمیل بکەن . بە گشتی و بە کورتی ئێمە لەو باوەڕەدانین کە رێژیمێکی ئەوتۆ بتوانێ لە گەلْ رەوتی مێژوو خۆی تەتبیق بدات و بە راستیش رێژیمی کۆماری ئیسلامی زەرفییەتی هیچ چەشنە ئالْ و گۆڕێکی بە روڵەت دیمۆکراتیك و پێشکەوتنخوازانەشی نیە . جا کە وابوو , راست و دروست ترین و واقیعی ترین دروشمی سەرەکی لە بەرامبەر ئەم رێژیمەدا تەنیا رووخان و لە نێو بردنیەتی . ئەوانەی پێیان وایە کە ئەم رێژیمە دەتوانێ ئالْ و گۆڕی دیمۆکراتیك پێك بێنێ و یا خۆ مل کەچ بکات بۆ ویستی کۆمەلاّنی خەڵك لە رێگەی هێمنانەوە , یا بەرژەوەندی تایبەتی‌یان لەم هەڵوێستەدا هەیە ، یا خۆیان و کۆمەلاّنی خەڵك فریو ئەدەن . دیارە کۆمەلاّنی خەڵکی ئێران هیچ تەوەهومێکیان سەبارەت بە رێژیم نیە و هەر کات دەرفەتیان بۆ برەخسێ ئەوا بە شێوەی جۆراوجۆر رق و بێزاری خۆیان لەم رێژیمە پیشان دەدەن . خۆپیشاندانەکانی ئەم دوایی‌یانە کە گەورەترین شارەکانی ئێرانی

**گرتەوە ، خۆی نیشانەی ئەم راستی‌یەیە . بەلاّم زۆر روونە کە رێژیمێکی ئاوا دژی گەل و هەتا ددان موسەللەح بە هاسانی لە ناو ناچێت , بەڵکوو پێویستە وێڕای ئیعترازی کۆمەلاّنی خەڵك , هێزی پێشەنگ و پێشرەوی خەڵك ئەوەندە بە دەسەلاّت و بە نفووز بێت کە تەنگ بە رێژیم هەڵچنیٚ . هەڵبەت ئەمە خۆی سەرەکی‌ترین خاڵی لاوازی خەباتی ئازادیخوازانەی ئێرانە . بە داخەوە لە ئەمرۆی ئێران دا نە هیچ هێزێکی سیاسی بە تەنیا دەتوانیٚ رێژیم بڕوخێنیٚ و نە بەرەیەکی پێشکەوتنخواز پای گرتووە کە بکریٚ هیوای پیٚ ببەستین . بە بڕوای ئەمن ئەرکی سەرەکیی هێزە ئێرانی‌یە پێشکەوتنحوازەکان ئەوەیە کە بەرەیەکی دیمۆکراتیك – نیشتمانی پێك بێنن . لە سەر بناغەی رووخاندنی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کاتی بە وەزیفەی دابین کردنی دیموکراسی و ئازادی , بە مانای تەواوی ئەم دوو وشەیە .**

**بە کورتی ئەمرۆ لە ئێران دا هەل و مەرجی عەینی بۆ رووخاندنی کۆماری ئیسلامی ئامادەیە بەلاّم باری زەینی بە مانای ئالترناتیوی دێمۆکراتیك بۆ جێگیری رێژیم نەك هەر ئامادە نیە , بەڵکوو بە داخەوە ئاسۆیەکی روونیشی بۆ بەدی ناکریٚ . بەو هیوایەی کە هەرچی زووتر کۆمەلاّنی خەڵکی ئێران بە ئاواتی خۆیان کە ئازادی و دیمۆکراسی و عەداڵەتی کۆمەلاّیەتی‌یە بگەن .**

**ئیتر سوپاستان دەکەم**

لە خۆ گرتوو پێکهاتووە. یەکێتیمان بەهۆی ئەوەوە کە لە دڵی
هەلومەرجی شۆڕشگێڕانەی خەباتی گەلی کورد هەڵقوڵاوە و داخوازو
ڕێباز و دروشمەکانی ڕەنگ و دەنگدانەوەی ڕاستەقینەی
~~هەل~~ بارودۆخی ئەمڕۆی خەباتی ڕزگاریخوازانەمانە، هێزێکی ڕەسەنی
سیاسییە کە هەر زۆر زوو جێی خۆی لە دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا
دەکاتەوە. هەر ئێستاکەش دەتوانم بە ڕاشکاوی بڵێم کە لە باری سیاسییەوە
یەکێتی شوێنی دیار و ڕوونی لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانی
ئێراندا ناوە. ئەوەی کە ئێستا پێکهێنانی بەرەی کوردستانی بە
دەست هێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس بە بەرە بەرە دەبێتە
دروشمی بەرەی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران و دەبێتە داخوازی
بەرەی کۆمەڵانی خەڵک خۆی لە خۆیدا پێشاندەری ڕاستی و دروستی
دروشمەکانی ئێمەیە. ئێوە باش دەزانن کە لە کوردستانی ئێران ئەوە
یەکەمجار یەکێتی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان بوو کە بە تایبەتییەوە
هەڵگری ئەم دروشمانە بووە و ڕچەشکێنی ئەگەری کوردایەتی و کوردستانیبوونی
ڕاستەقینە بووە و هەروایش دەمێنێتەوە. مەبەستم لە کوردایەتی و کوردستانی
بوونی ڕاستەقینە ئەوەیە کە بەداخەوە تا ئێستاش هێزە پێشکەوتنخوازەکانی
کوردستانی ئێران هەم خۆیان بە ئێرانی زانیوە و هەم کوردستانی. وە
هەر بەو پێیەش هەڵوێست و دروشمیان ڕەچاو گرتووە. ئێمە دەمانەوێ
ئەو مەسەلە بشکێنین و بە ڕاشکاوی بڵێین: کوردین و خەڵکی وڵاتی داگیرکراوی
کوردستانین. هەڵوێستمان لە بەرانبەر ئەو مەسەلە دیاری دەکەین، بەبێ
ترس و لەرزی سیاسی ئەوەی کە پێمان بڵێن تەجزیەتەڵەب.

**دەفتەری ڕاگەیاندنی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**
**خەزەڵوەری 2704ی کوردی – نوامبری 2004ی زایینی**